
دەزگا چاپەمەنیەکانی
شاری سلێمانی
عادل شاسواری
بەناز حمە خۆرشید

## ناوەڕۆک


بەشی یەکەم:

پێشەکی

هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە

٢,١ مەودای لێکۆڵینەوەکەمان لەرووی ناوەڕۆك و زەمەنەوە

٣,١ میکانیزمی لێکۆڵینەوەکەمان

٤,١ ناوی دەزگا چاپەمەنیەکان

دێباچەی فۆڵدەرەکان

٦,١ گرفتەکانی رێگای توێژینەوەکە

بەشی دووەم:

٢. وەزارەتی رۆشنبیری

پاری یەکەم – بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە

١,١,٢ بیرۆکەی دروست بوونی

٢,١,٢ خودی دەزگا

٣,١,٢ کتێبەکانی

پاری دووەم – بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان

١,٢,٢ بیرۆکەی دروست بوونی

٢,٢,٢ خودی دەزگا

٣,٢,٢ کتێبەکانی

بەشی سێیەم:

٣. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

١,٣ بیرۆکەی دروست بوونی

٢,٣ خودی دەزگا

٣,٣ گۆڤارەکانی دەزگا
١,٣,٣ گۆڤاری سەردەم
٢,٣,٣ پاشکۆی گۆڤاری سەردەم
٣,٣,٣ گۆڤاری زانستی سەردەم
٤,٣,٣ گۆڤاری ئایندە
٥,٣,٣ گۆڤاری شیعرستان
٦,٣,٣ رۆڤار
٤,٣ کتێبەکانی دەزگا
١,٤,٣ زنجیرەی کتێبی دەزگا
٢,٤,٣ زنجیرەی کتێبی گیرفان
زنجیرەی کتێبی منداڵان
بەشی چوارەم:
٤. ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك
١,٤ بیرۆکەی دامەزراندنی
٢,٤ خودی ناوەند
٣,٤ گۆڤارەکانی ناوەند
١,٣,٤ گۆڤاری خاك
٢,٣,٤ گۆڤاری سیخورمە
٤,٤ کتێبەکان
٥,٤ تەلەفزیۆنی خاك
بەشی پێنجەم:
٥. بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ
١,٥ بیرۆکەی دامەزراندنی
٢,٥ خودی بنکە
٣,٥ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ
کتێبەکانی بنکە
٥,٥ فیستیڤاڵی ساڵانەی گەلاوێژ

بەشی شەشەم:
٦. ناوەندی رۆشنبیر بۆ بلاّوکردنەوەی گۆڤار و کتێب
١,٦ بیرۆکەی دامەزراندنی
کتێبخانەی ناوەند
٣,٦ چاپکراوەکانی ناوەند
١,٣,٦ پرۆژەی سەد کتێبی کوردی
بەدەر لە پرۆژەی سەد کتێبی کوردی
بەدەر لە کتێب ..
ئەنجام

1. **بەشی یەکەم :**
2. **پێشەکی :**

شۆڕش و راپەڕینی هەرگەل و ناوچەیەك لەجیهاندا بەرامبەر بەدەسەلاّتێکی سەرکوت کەرو داپلۆسێنەرو دیکتاتۆری وەك بەعس لەگەلّ ئەوەدا کەهەولّە بۆ بەچۆکدا هێنانی ئەوهێزە لەرووی سیستەم و سیاسەت و ئیدارەو هێزی میلیشیاییەوە ، هەولّیشەبۆگۆڕینی کلتورێکی هەرەمی کەریشالّەکان بەناوناخی سەرجەم بوارەکانی کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگی دا چووەتەخوارەوە .

جا شۆڕش هەیە لەبوارەچەکداری و سیاسیەکەدا سەرکەوتووئەبێت بەلاّم زۆر درەنگتر ئەتوانێ لابەلای بوارەفەرهەنگی و رۆشنبیریەکەدا بکات و ئەو بوارەی نەتەوەکەشی ببوژێنێتەوە .

لەو ڕووەوە کورد چانسێکی باشی هەبووە بەگوێرەی کەمی زەمەنی ئازادبوونی لەدەست رژێمی تۆتالیتاری بەعس توانیویەتی ببێتەخاوەنی چەندین پرۆژەی چاپ و بلاّوکردنەوەو پەخش و تریبیۆنی رەئی ودەزگاو

ناوەندی بلاٌوکەرەوەی بیر و راو ( چەمك ) ی‌جیاواز لەنێو رووپــەڕی رۆژنامــەو گۆڤارو کتێب و نامیلکە و .....هتد.

کورد لەدوای راپەڕین دەرفەتی ئەوەی بۆهەڵکەوت بتــوانێ ئــەزموونێك لەگۆڕەپانەکەدا پێشکەش بکات ، وەك دەسەلاٌتێکی کــوردی ئەگــەر جــەنگی ناوخۆو کێشەو ململانێی حزبی تێدا کەمتر بوایە دەکرا دەرفەتی زۆر باشــترو چاکتری لێ بەرهەم بهاتایە بۆ سەرجەم بوارەکــانی کۆمەلاٌیــەتیو رۆشــنبیریو راگەیاندن و جیاوازی بیروڕاو .....هتد.

لەگەڵ بوونی هــەر گرفــت و لەمپەرێکیــشدا نــاکرێ ئــەو هــەموو هەوڵــە دڵسۆزانەیەی ئێرەو ئەوێ لەبیر بکرێ بەڵکو ئێمە دەمانەوێت لــەم تریبۆنــەوە قسە لەسەر چەند هەوڵێکی جددی بکەین لەبواری (دەزگا چاپەمەنیەکانی نێو شاری سلێمانی) کە لە بووژانەوەی پــرۆژەی رۆشــنبیری و بــەرەوپێش بردنــی بزاڤی رووناکبیری پاش راپەڕیندا رۆڵێکی بەرچاویان هەبوە.

٢,١ هۆکاری هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە :

دەکــرێ لێــرەوە ســەرنجتان بــۆ ئــەوە رابکێــشین کــە بۆچــی ئــەم بابەتەمان هەڵبژارد؟

لەبەر ئەوەی لە پڕۆژەی رووناکبیری هەر گەل و نەتەوەیەکدا دەزگــای چاپ و پەخش رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە کاراکردنی پــڕۆژەی جــددی ئــەو ناوچەیەدا ، شاری سلێمانیش وەك پێی‌ناسراوە شاری رۆشنبیریی و هونــەر و کرانەوە بووە.. ئەم شارە نــەك تــەنها لــەدوای راپــەڕین و لــە بــواری دەزگــای چاپ و پەخشدا دەسپێشخەری هــەبووە بــەڵکو بــۆ زۆر چــەمك و بــواری تــری کۆمەلاٌیــەتی و فەرهــەنگی و سیاســی رۆڵــی بەرچــاو و دیــاری لــە مێــژووی گەلەکەماندا بینیووە.. جا لەم روەشــەوە ئێمــە ســەرەتا هەوڵمانــدا ئامــارێکی ســەرجەم دەزگــاو ناوەنــدو بنکــە چاپەمەنیەکانی نــاو شــار بکــەین بەهــەموو جۆرەکانیــەوە بــۆ ئــەوەی رەهەنــدی کارەکــەمان لا روون بێــت .. بینیمــان

لەدوای راپەڕینەوەو تەنها لەناو شاری سلێمانیدا سی بنکەو لایەن لەگەڵ سی گرووپ و کۆمەڵە هەن کە هەریەکەو ژمارەیەك چاپکراو و بڵاوکراوەی ناوخۆو دەرەکی خۆی هەیە، کە لەم بوارەشدا ئاسان نیە ئاماربەندی سەرجەم ئەو ناوەندانە بکرێت لەبەرئەوەی بەگوێرەی تێپەڕبوونی ئەو زەمەنی سیانزە ساڵی ئازادیە هەندێك لە دەزگاو ناوەندەکان هەربۆ خۆیان و لە دەوری خۆیان یان ناوخۆی خۆیان کارەکانیان بڵاوکردوەتەوە، هەروەها لەلای ئێمەی کورد هێشتا کتێبخانەی نیشتمانیمان نیە کە ژمارەی سپاردن وەك رۆڵی یاسایی خۆی بدات بەکتێب و رۆژنامە و گۆڤارەکان" بەڵکو ژمارەی سپاردن بەدەر لەکتێبخانەی نیشتمانیمان هەیە تا ئێستاش دیار نیە ژمارەکە بەچی دەسپێردرێت. بوونی دەسەڵاتی حیزبی و جەنگی ناوخۆوای کردووە ئێستا لەشاری سلێمانیدا شوێنێك نیە سەرجەم بڵاوکراوەکانی هەموو دەزگاو کەس و لایەنە جیاوازەکانی دوای راپەڕینی تیادا پارێزراو بێت چونکە ئەو رەوشە وایکردووە هەندێك بڵاوکراوە بەبێ ژمارەی سپاردن دەربچن، بەبێ مۆڵەت دەرچوونی بڵاوکراوە چەندە روویەکی ئازاد و دیموکراسیانە ئەدات بە کۆمەڵگەکەمان ئەوەندەش سلبیاتی تایبەتی و بابەتی هەیە.

٢,١ مەودای لێکۆڵینەوەکەمان لەڕووی ناوەڕۆك و زەمەنەوە :

جا بۆیە ئێمە لێکۆڵینەوەکەمان بەو شێوە بەربڵاوە دانەڕشتووە و هەوڵمانداوە کە هەموو ئەو دەزگا تایبەتیانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی شار لەخۆبگرێت کە تایبەتن بەو بوارەوە نەك هەمووان لەبەرئەوەی:

١. لەم بەرابیەدا پێویستە کەبڵێین ﴿ دەزگای چاپ ﴾ و ﴿ چاپخانەی بڵاوکراوە ﴾ دوو شتی جیان ، بواری توێژینەوەکەی ئێمە تەنها یەکەمیانە و لەدوای راپەڕین تا کۆتایی ٢٠٠٢ باسمان لە چاپخانەکانی شار نیە کەئەمانە ناوەکانیانە :

﴿ راپەڕین ، کاکەی فەلاح ، نەوڕەس ، ئاشتی ، بابان ، قەشەنگ ، تیشك ، سلێمانی ، دلێر ، میدیا ، شڤان ، فەرهەنگ ، قەلا ، بەرکێو ، ئازاد ، ژین ، هەواڵ ، کاربین ، دەریا ، ئەژین ، شارستان ، بینایی ، راز ، پرژە ، ئاراس ، سیما ، پەیڤ ، رەهەند ، گۆڤار ، هاوار ، بەدرخان ، ئارا ، محمد خورشید ، تەما ، بەرهەم ، پیرەمێرد ، زاموا ، ئالان ، شەپۆل ، دیلان ، ئەزمڕ ، قانع ، دوارۆژ ، روون ، دێکان ، ئاری ، رامان ، داناز ، ووشە ، زانست ، شەنگ ، گەشاو ، بەرزنجە ، سەرکەوتن ﴾ .

٢. هەندێك لە بلاَوکراوەکان دەزگا دەرینەکردوون بەڵکو تەنها کتێبخانەیەکی دیاریکراو بەکارەکە هەستاوە و ئەوانە لە چاپکراوەکانی ئەو کتێبخانەن.. پێویست ناکات ئەم کتێبخانانە وەك دەزگای چاپ مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین کە ئەمە بێئەرزشی کاری ئەو کتێبخانانە دەرناخات بەڵکو بەرێزەوە باسیان دەکەین و ناوی هەندێکیشیلن بۆ مێژوو دەنووسین، رەنجیان لەم پێناوەدا داوە بەلاَم ئەوەیە کارەکەیان لە سنووری دەزگا بچووکترە وەك: (کتێبخانەی سلێمانی، کتێبخانەی بەستە، کتێبخانەی مەریوان، کتێبخانەی ئارام، کتێبخانەی ژیان....هتد) کە چەندین چاپکراوی کتێب و نامیلکەو رۆژژمێرو کلێشەیان هەیە.

٣. هەندێکی تر لە بلاَوکراوەکان رێکخراوی قووتابی و خوێندکاری و پیشەییەکانی سەر بەحزب و لایەنە جیاوازەکان بلاَویان کردوونەتەوە کە دووبارە ئەمانەش بەدەزگای چاپ نایەن ئەژمار، بەڵکو حیسابی رێکخراو و گرووپی پیشەییان بۆ دەکرێت.

٤. هەنـدێکی تـر لـە بڵاوکراوەکـان، بڵاوکـراوەی بڵاوکـراوەن .. وەك بڵاوکراوەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی : (گۆڤاری پەپوولە، گۆڤاری تان تان، گۆڤـاری وێـب، ڕۆژنامـەی سـلێمانی نـوێ، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نوێ....هتد) دیارە کەئەمانەش بڵاوکراوەن و دەزگا نین .

٥. هەندێکی تر لەبڵاوکراوەکان لەلایەن مەڵبەندو گرووپێکی تایبەتیەوە دەردەچن و بڵاوکراوەکان گشتی نین و مەڵبەنـد و بنکـەکانیش دەزگـای چـاپ نـین بـەڵکو مەڵبەنـد و ناوەنـدی ڕۆشـنبیری و فەرهـەنگین وەك: بڵاوکراوەکـانی قاسـم، پـڕۆژەی کتێبـی پـیرۆزی دەوڵی، چاپکراوەکانی شـارەوانی، چـاپکراوەکانی مەڵبەنـدی لاوانـی میـدیا، چـاپکراوەکانی زانکـۆی سـلێمانی، چـاپکراوەکانی بـەش و کۆلێـژەکان، بڵاوکراوەکـانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، پڕۆژەی کتێبی دانسقە....هتد.

٦. دەزگای چاپەمەنی ئـەوتۆمان هەیـە کـە ئـەم لێکۆڵینەوەیـەی ئێمـە نایگرێتەوە چونکە تەنها بۆ پاراستنی دەسنووس کۆشـاوە(٢٠) نوسـخە لـەکتێب و نامیلکـەی دیـاریکراو چـاپ بکـات بـەڵام چـونکە تیراژەکـەی لەئاستێکدا نیە کە وەك دەزگـای چـاپ و پـەخش بیناسـێنێت" ئێمـەش نـەمانتوتنیوە وەك دەزگـای چـاپ ئاماژەی پـێ بکـەین وەك: پـڕۆژەی زامـوا بـۆ پاراسـتنی دەستنووسـەکان، بڵاوکراوەکـانی ئومێـد ئاشـنای خوالێخۆشبوو.....هتد.

٧. هەندێك لـە چـاپخانەو ڕۆنیـۆی شـاربە مەبەسـتی بازرگـانی هەنـدێك کتێب و مەلزەمەو بڵاوکراوەیان چاپ کردوەتەوە یاخود بـۆ یەکـەم جـار چاپیان کردووە، ئێمە ئەمەشمان وەك دەزگای چاپ نەهێناوەتە ئەژمار لەبـەر ئـەوەی مـەرجی دەزگـای چـاپ و پەخـشیان تیـا نـەبووە، وەك: چـاپکراوەکانی چـاپخانەی گـەنج، چـاپکراوەکانی چـاپخانەی ڕەنـج،

چاپکراوەکانی چاپخانەی قەشەنگ، چاپکراوەکانی چاپخانەی روون، چاپکراوەکانی چاپخانەی ژیر، چاپکراوەکانی چاپخانەی بینایی... هتد.

٣,١ میکانیزمی لێکۆڵینەوەکەمان :

ئێمە لەم توێژینەوەماندا گرنگیمان داوە بەلایەنی چاپەمەنی و بلاَوکراوەی خوێنراو پاشان بە پلەی دووەم بە پەخشیبینراو، ئەویش لەبەر ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان کە تایبەتە بە دەزگاکانی چاپ و بلاَوکردنەوە لە شاری سلێمانیدا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەهەر دەزگایەك لە دەزگاکانی چاپ و بلاَوکردنەوە ئەم رێگایانەمان گرتووەتەبەر:

- لەهەر دەزگایەك چاومان کەوتووە بە سەرەکیترین لێپرسراو و سەرپەرشتیاری یەکەمی دەزگاکە و لەگەڵیدا دانووستانمان سازداوە.
- لەهەر دەزگایەك لەرێی ئیدارەی دەزگاکەوە پەیوەندیمان کردووە بە سەرپەرشتیارانی بەش و درایڤەکانی دەزگاکە و گرنگترین کەسە چالاکەکانی سەربە بەشەکان.
- بە گشتی بۆ هەر دەزگایەك دوو فۆڵدەری ئامادەمان خستووەتە بەردەم ئیدارەی دەزگاکان بۆ وەلاَمی پێویست سەبارەت بە هەر خاڵێکی گرنگ لەسەر دەزگاکە . . بەم دوو تایتڵە (فۆڵدەری دەزگا چاپەمەنیەکان) و (فۆڵدەری گۆڤار). شایەنی ئاماژە پێکردنە کە فۆڵدەری یەکەم سەرەڕای پرسی پێویست لەبارەی هەرەم و ئیدارەو کەسایەتی و هەمواری دەزگاکە بەشێکیشی تایبەت بووە بە چاپکراو و بلاَوکراوەکانی

وەك كتێب و نامیلكەی سەربە دەزگاكە، فۆڵدەری دووەم تایبەت بووەبە هەر خاڵێك كەبۆ شووناسی گۆڤاری سەربە دەزگاكە گرنگ بووبێت، لەگەڵ تێبینی ئەوەی دەزگا هەبووە لەم فۆڵدەرە بێ نیازبووە لەبەر نەبوونی گۆڤار، هەرچۆن دەزگاش هەبووەپێنج فولدەری گۆڤاری بۆ یاداشت كراوە لەبەر بوونی زیاد لە گۆڤارێك.

٤,١ ناوی دەزگا چاپەمەنیەكان :

بە كورتی ئەو دەزگایانەی كە توێژینەوەكەی ئێمەیان تیادا چڕ دەبێتەوە ئەمانەن:

١. وەزارەتی رۆشنبیری " لێكۆڵینەوەكەی ئێمە تەنها دوو دەزگای سەربەم وەزارەتە لەخۆ دەگرێت كە ئەمانەن:

ا. بەڕێوبەرێتی گشتی چاپ و بلاّوكردنەوە .

ب. خانەی وەرگێڕان.

٢. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٣. ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك .

٤. بنكەی ئەدەبی و ڕووناكبیری گەلاوێژ .

٥. ناوەندی رۆشنبیر بۆ بلاّوكردنەوەی گۆڤار و كتێب .

٥,١ دێباچەی فولدەرەكان :

هەروەها بۆهەر دەزگایەك پەیكەرێكی ئەكادیمیمان هەڵبژاردووە بۆ باسنمای زانیاریەكان لەسەر ئەم ستایلەی خوارەوە:

- وتەیەك لەسەر شووناسی دەزگاكە و چیرۆكی درووست بوونی.
- هەرەمی ئیداری دەزگاكەو گرنگترین بەشەكانی.. كە گرنگترین خاڵەكانی ئەم بەشە لە فۆڵدەری دەزگاكانەوە وەردەگیرێت.

- دریژەی زانیاری کۆکراوە لەسەر بەشەکان.
- چاپکراوەکان:

ا. گۆڤارەکان

ب. کتێب و ناملیکەکان

- بەشەکانی راگەیاندنی بینراو کە خۆی لە تەلەفزیۆنی خاکدا دەبینێتەوە.

ا. ٦ گرفتەکانی رێگای توێژینەوەکە :

ماوەتەوە بڵێین کەگیر و گرفتمان هاتوەتەرێ لەکاتی دیدار و بینینی کەسایەتیەکاندا و سەردانی بەشەکاندا .. دەزگایان هەبووە کەمتر هاوکاری کردووین و دەزگاشیان هەبووە زۆر باش هاتووە بەدەممانەوە .. تەنانەت هەر لەنێو یەك دەزگاشدا سروشتی بەرپرسێك تا بەرپرسێکی تر جیاوازی هەبووە .. ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەزگایان هەبووە لەرووی ئەرشیفی بەڵگەنامە و دۆکیومێنتەوە زۆر لاواز بووە و ئەشێ لەچەند پرسیارێکماندا زانیاری ووردو پێویستیان پێنەدابین بێجگە لەوەی سەرجەم دەزگاکان لەپرسی سەرچاوەی ماددی سڵیان دەکردەوە و ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان ناتوانین راستی سەرچاوەی ماددی هیچ دەزگایەکیان بسەلمێنین لەبەر ئەوەی کە لەوەلامەکانیاندا هەڵوێستەیان دەکرد و دیار بوو نەیاندەویست راستیمان پێبڵێن .

ئەمەش ئەوەیە دەستمان کەوتووەو نووسیومانە نەك ئەوەی کەویستوومانە .

٢٠٠٣/٥/١٩

## ٢ . بەشی دووەم : وەزارەتی رۆشنبیری

٢. ١ پاری یەکەم :

بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە

٢,١,١ *بیرۆکەی دروست بوونی :*

بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە وەك دەزگایەکی سەربە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدرێژایی ساڵانی دامەزراندنی رۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی سەدان کتێب و نامیلکە سەرەڕای هاوکاریکردنی دەیان کەس و لایەن بۆ بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و کتێب و گۆڤارەکانیان.

محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە ووتی: "بەپێی برگەی ٨ لە ماددەی ٤ی بڕیاری ٣٦ لە ١٩٩٢/١١/١٦ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بڕیاریداوە خانەی چاپ و رۆژنامەگەر و بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی سەربە وەزارەتی رۆشنبیری دابمەزرێت، بەڵام بەهۆی بارودۆخی ئەو چەند ساڵەوە نەتوانراوە بەعەمەلی کار لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەدا بکرێت تا ئایاری ١٩٩٩."

دەزگای ناوبراو هیچ گۆڤار و رۆژنامەیەك دەرناکات بەڵکو گرنگی تەواو و یەکلایەنەی داوە بە چاپکردن و بلاچوکردنەوەی کتێب لە چەند بوارێکدا و بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەربۆیە هەوڵ دەدەین ئێمەش لە دوو *رەهەندەوە لێی بدوێین:*

١. *خودی بەڕێوەبەرایەتیەکە*
٢. *کتێبەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکە*

٢,١,٢ *: خودی بەڕێوەبەرێتی :*

*بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە ، کەوتووەتە گردی ئەندازیارانەوە و ساڵی ١٩٩٩ دامەزراوە و محەمەد عەبدولکەریم سۆڵەیی*

بەڕێوەبەریەتی ..پەیکەری کارگێڕی ئەم دەزگایە لەم ستایلە پێکهاتووە :

= بەڕێوەبەری گشتی

= بەرپرسی کارگێڕی و خۆیەتی:

١. بەشی مۆڵەت و ژمارەی سپاردن — کە سێ کارمەند بەڕێوەی دەبەن.

٢. بەشی گەنجینە — کە سێ کارمەند بەڕێوەی دەبەن.

٣. بەشی هێڵگۆڕکێ — دوو کارمەند سەرپەرشتی دەکەن.

٤.بەشی پرسگە — کە دوو کارمەند لەخۆ دەگرێت.

٥. بەشی خزمەتگوزاری — کە سێ کارمەند لەخۆ دەگرێت.

= بەرپرسی چاپخانە:

١. ئۆفسێت — سێ کارمەند کاری تێدا دەکەن.

٢. تەصحیف — شەش کارمەند لەخۆ دەگرێت.

٣. کۆمپیوتەر — کە سێ کارمەند دەگرێتەخۆ.

٤. هەڵەبڕ — کە حەوت کارمەند کاری تێدا دەکەن.

٥. شارەزاکان – کە دوو کارمەنـد سەرپەرشتی دەکەن.

= بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدوو جۆر بودجەی مانگانەی بۆ دابینکردووە:

ا. ساڵی ٢٠٠٠ – ٢٠٠٢ مانگانە ٣٠٠٠ دینار بودجەی بووە

ب. ساڵی ٢٠٠٣ مانگانە ١٣٠٠ دینار بودجەی بووە

ئەو چاپخانەیەی کەکارەکانی پێڕادەپەڕێنن مۆڵکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.. سنووری بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەوروبەر و چەند وڵاتێکی ئەورووپی دەگرێتەوە .

دووەم: کتێبەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکە

بەگشتی کتێبەکانی سەربە دەزگای ناوبراو کەپێك هاتوون لە کتێب و نامیلکەلەچەند خاڵێکدا یەکدەگرنەوە:

= تیراژی کتێبەکان: لە نێوان ٣٥٠ – ١٥٠٠ نوسخەدایە

= نرخی کتێبەکان: لە نێوان ٥ – ٥٠ دینار دایە

بواری کتێبە چاپکراوەکان : (مێژوویی ، سیاسی ، رۆشنبیری ، کۆمەڵایەتی ، منداڵان ، جوگرافی ، ئەدەبی ، فەرهەنگ و زمانەوانی ، هەمەجۆر )

= کتێبە وەرگێڕاوەکان لەم زمانانەوە وەرگیراون: ( عەرەبی ، فارسی ، ئینگلیزی ، چەند زمانێکی دی )

= چۆنیەتی بڕیاران لەسەر چاپکردنی کتێبەکان:

بەپێی وتەی محەمەد سۆڵەیی نووسەر یان وەرگێڕ یان ئامادەکار کتێبەکەی خۆی دەخاتە بەردەست لیژنەی سیرکردن و هەڵسەنگاندن تا لەرووی داڕشتن و بابەت و زمانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت لە لایەن

شارەزایانەوە، ئەگەر بڕیارەکە نەرێ بوو رەت دەکرێتەوە، خۆ ئەگەر ئەرێ بوو سەرە دەگرێت بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

## ٣,١,٢ کتێبەکانی بەرێوەبەرایەتیەکە :

| ز. | نلوی کتێب | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ | بواری کتێب |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سێدارەکانی بەهەشت | قوبادی جەلیزادە | | هۆنراوە |
| ٢ | کورژنی خوێن | غەفور ساڵح | | رۆمان |
| ٣ | مەرگی سوشاب | عەلی کەریم | | شانۆیی |
| ٤ | بەسەرهاتی کەڵە پیاوێك | | حسێن عوسمان نێرگزەجاڕ | رۆمان |
| ٥ | مێژووی هۆزی جاف | حەسەن فەهمی جاف | | |
| ٦ | ژوورەکەی دەلیا | ئاکۆ کەریم مەعروف | | کورتە چیرۆك |
| ٧ | سەرەتایەکی زمان ناسی | | میدیا | زمانەوانی |
| ٨ | بیبلۆگرافیای کورد و کوردستان | ئەکرەم قەرەداغی | | رۆژنامەگەری |
| ٩ | کورد | | عەزیز مستەفا رەسول | مێژوویی |
| ١٠ | نامیلکە چالاکیەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بۆ ساڵی ١٩٩٩ | فەرید زامدار | | رۆژنامەگەری |
| ١١ | حەپسە خانی نەقیب | پەخشان جەلال حەفید | | |
| ١٢ | وتنەوەی بیرکاری پۆلی یەکەم و دووەمی | عەلی ئەحمەد | | زانستی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | سەرەتایی | | | |
| ١٣ | ئینسایکلۆپیدیای کیمیا | جەمال عەبدول | | زانستی |
| ١٤ | کورتە جوگرافیای کوردستان | کەریم زەند | | جوگرافیا |
| ١٥ | دەفرە فڕیوەکان چین ولەکوێوە هاتوون | ساڵح محەمەد | | زانستی |
| ١٦ | مردووەکان بنێژن | یاسین بەرزنجی | | شانۆگەری |
| ١٧ | میرزا مارف | ئومێد ئاشنا | | ژیان و بەرهەمەکانی |
| ١٨ | هاواری دڵ | بوار نورەدین | | |
| ١٩ | بابەتەکانی پەروەردەی نوێ | فوئاد قەرەداغی | | پەروەردەیی |
| ٢٠ | وێنەکەی خوشکت | رەوف حسێن | کورتە چیرۆك | |
| ٢١ | کلوە بەفرەکانی خۆر | ووشیار بەرزنجی | | هۆنراوە |
| ٢٢ | گوناهەکانی بەفر و سێبەر | محەمەد کاکەرەش | | هۆنراوە |
| ٢٣ | گوێڕایەڵی بۆ ئامۆژگاریەکانی دایە وبابە | حەسەن عەبدولکەریم | | منداڵان |
| ٢٤ | گێدرێژە پاشا | لەتیف هەڵمەت | | منداڵان |
| ٢٥ | جوان و چۆلەکەکانی | نوری سەعید قادر | | منداڵان |
| ٢٦ | گێژاوی پۆڵەندە | بورهان قانع | | مێژوویی |
| ٢٧ | گۆڤاری دایەلۆگ | | | رۆژنامەگەری |
| ٢٨ | گۆڤاری شانۆ –ژمارە ٩ | | | رۆژنامەگەری |
| ٢٩ | گۆڤاری ئاران | | | رۆژنامەگەری |
| ٣٠ | دیاریەك بۆ یادی ١٠١ ساڵەی رۆژنامەگەری کوردی | ئومێد ئاشنا | | رۆژنامەگەری |
| ٣١ | کۆمەڵزانی و کورد | فوئاد تاهیر سادق | | کۆمەڵایەتی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٢ | باخچە رەژوەکانی حەقیقەت | شازین هێرش | | هۆنراوە |
| ٣٣ | ئاوییەر | سدیق بۆرەکەیی | | هۆنراوە |
| ٣٤ | هەناسەیەک لە تەنهاییدا | بەناز کوێستانی | | پەخشان |
| ٣٥ | دیوانی رەمزی مەلا مارف | رەمزی مەلا مارف | | هۆنراوە |
| ٣٦ | حەپسە خانی‌نەقیب لە وێنەی مێژوودا | رەوف عوسمان | | مێژوویی |
| ٣٧ | چارەنووس | سابر گرد عازەبانی | | رۆمان |
| ٣٨ | مدن کردیە قدیمە | مەلا جەمیل رۆژبەیانی | | مێژوویی |
| ٣٩ | خۆزگەکانی بەرد هەڵکەنێک | جەمال عارف ئەمین | | منداڵان |
| ٤٠ | مناڵ و شیعر | محەمەد کەساس | | هۆنراوە |
| ٤١ | رۆژنامەگەری | | مەجید ساڵح | رۆژنامەگەری |
| ٤٢ | ئافرەت لە مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا | سەردار خدر حسێن | | کۆمەڵایەتی |
| ٤٣ | ئۆزدەمیر و کورد | ئەحمەد باوەڕ | | مێژوویی |
| ٤٤ | دە چڵ نێرگز | محەمەد رەحیم | | منداڵان |
| ٤٥ | مێژووی کتێبخانەکانی سلێمانی | مارف ناسراو | | مێژوویی |
| ٤٦ | شایەت | ئەلفرێد فەرەج | ئاشتی عوسمان دانش | |
| ٤٧ | هەقتە بزانی | ژان پۆڵ مارتۆز | شێرزاد حەسەن | |
| ٤٨ | چەند بابەتێک دەربارەی کەلتوری نەتەوەیی کورد | سەلام مەنمی | | کلتوری |
| ٥٩ | مەرگی وەنەوشە | یاسین قاددر | | چیرۆک |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بەرزنجی | | | |

## ٢,٢ پاری دووەم: بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

### ١,٢,٢ بیرۆکەی دروست بوونی :

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان وەك دەزگایەکی رۆشنبیری و کلتوری بۆ خزمەت کردنی فەرهەنگ و مەعریفەی کتێبخانەی کوردی لەبواری تەرجەمە و وەرگێڕانەوە لەسەر زمانی (عومەر حەسەن) بەڕێوەبەری دەزگاری ناوبراو بەم چەشنە هاتە دامەزراندن: "لە سەفەرێکدا بۆ ئەمەریکا د. بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزگایەکی لەو جۆرەی دیبوو، لەسەر بنەمای ئەوەی کە مرۆڤایەتی لەرێی وەرگێڕانەوە پێشدەکەوێ و تەرجەمە رێگەیەکی گونجاوە بۆ وەرگرتنی زانست و زانیاری لەسەر گەلانی دیکە لە هەموو بوارێکدا، بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگای ناوبراو لەلایەن د. بەرهەم و وەزارەتی رۆشننبیریەوە سالی ٢٠٠١ جێبەجێکرا ."

بەهەمان ستایلی شیکردنەوەی دەزگای رابردوو بۆ فۆرمەلەکردنی زانیاریەکان پشت بەدوو فۆرم دەبەستین:

١. خودی دەزگاکە
٢. کتێبەکانی دەزگاکە

### ٢,٢,٢ خودی دەزگاکە:

*بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێڕان لە تەمموزی ٢٠٠١ دامەزراوە و عومەر حەسەن بەڕێوەبەریەتی و پەیکەری کارگێڕی بەشێوەیە :*

- بەڕێوەبەر:

سکرتێرە: گێلاس محەمەد

بەشـەکانی دەزگـا پێکهـاتوون لـەم بەشـانە: شـارەزایان کـە لـە پێـنج کارمەند، کۆگا یەك کارمەند، نووسین یەك کارمەند، ژمێریـاری دوو کارمەنـد، پەیامبــەر یــەك کارمەنــد، کــارگێڕی و خۆیــەتی دوو کامەنــد کلرەکــان هەڵدەسـوڕێنن. ئـەوەی جێـی سـەرنج بێـت ئەوەیـە کـە لیژنـەی شـارەزایان پێکهاتوون لە: (ئەژی گۆران، ئەحمـەد قـادر سـەعید،حەسـەن عەبدولکـەریم، ئەکرەم محەمەد کەریم، کرێکار جەلال). هەروەها بەشی کۆمپیوتـەر لـە چـەند باڵێکی سەرەکی پێکهاتووە کە ئەمانەن: (هەڵەبڕ: کە کارمەنـدێك کـاری تێـدا دەکات، دوو تاپیێست : کـاری تـایپکردن بەڕێدەکـەن، نەخـشەسازی بـەرگ : یەك کارمەند بەڕێوەی دەبـات، دیـزاین : کـە کـاری ئـەم بەشـە لـە دەرەوەی دەزگا دەکرێت.) کۆی ژمارەی کارمەندەکانی ١٩کەسە ١٢ کارمەنـدیان نێـر و ٧ کارمەندیان مێن .. سەرچاوەی ماددی دەزگاش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دابین دەکرێـت بـەبڕی(٢٠٠٠٠) دینـار وەك بودجـەی مانگانـە . چـاپخانەی تایبـەتیان نیـیە بـەڵکو ئیـشەکان لـەڕێی چـاپخانەکانی شـارەوە بەگوێرەی پـەیمانێك ئـەنجام دەدرێـن . . شـوێنی لەسـەر تـۆڕی ئینتـەرنێت: khanaywargeran@yahoo.com .. سنووری بڵاوبوونەوەی: هەرێمی کوردستان و ئێرانە.

*٢,٢,٣ : کتێبەکانیدەزگاکە :*

- *زۆرترین ژمارەی لاپەڕە: ٥٣٣*
- *کەمترین ژمارەی لاپەڕە: ١٠٢*
- *زۆرترین تیراژ: ٣٠٠٠ نوسخە*
- *کەمترین تیراژ: ٧٠٠نوسخە*
- *نرخی کتێبەکان:*

*زۆرترین نرخ: ٣٠ دینار*

*کەمترین نرخ: ١٠ دینار*

- *تایبەتمەندێتی کتێبەکان:*

*کتێبی وەرگێڕراو: ٩ کتێب*

*کتێبی ئامادەکراو: ١ کتێب*

- *بواری کتێبەکان:*

*ا. مێژوویی*

*ب. سیاسی*

*ج. دبلۆماسی*

- *ئەو زمانانەی کتێبەکانی لێوەرگیراوە:*

*ا. ئنگلیزی*

*ب. عەرەبی*

*ج. فارسی*

*د. لەکوردیەوە بۆ ئنگایزی*

- کارمەندانی میلاکی خانەی وەرگێڕان: تەنها (٩) کارمەندە، بەڵام ئەوانی تر بە پەیمانی ساڵانە کار دەکەن

- چۆنیەتی بڕیاردان لەسەر چاپکردنی کتێبێك:

وەرگێڕ کتێبە وەگێڕراوەکە دەخاتە بەردیدەی شارەزایان دەزگای ناوبراو، پاشان دوو تا سێ لە ئەندامانی لیژنەی شارەزایان تێبینی خۆیانی لەسەر دەنووسن، پاشان بڕیاری ئەرێ یان نەرێی لەسەر دەدرێت.

- *کرۆنۆلۆژیای کتێبەکان:*

| ز | *ناوی کتێب* | *ناوی نووسەر* | *ناوی وەرگێڕ* | *بواری کتێب* |
|---|---|---|---|---|
| ١ | *شا ئیسماعیلی* | *هاشم* | *کەمال رەشید* | *مێژوو* |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | یەکەم و جەنگی چالدێران | حیجازی | شەریف | |
| ٢ | رێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکان.... | د. ئەحمەد ئەلموسەوی | عەلی قادر عوبێد | سیاسی |
| ٣ | بنەماکانی دارشتن لە میدیاکاندا | ئومێد مەسعوودی | مەجید ساڵح | رۆژنامەوانی |
| ٤ | کورتەیەك لە مێژووی کورد | فوئاد تاهیر سادق | فوئاد تاهیر سادق | میژوویی |
| ٥ | کاریگەری نەست | د. عەلی ئەلوەردی | ئیسماعیل زەنگەنە | فکریی |
| ٦ | دیموکراسی | ئانتۆنی ئاربلاستەر | رێباز مستەفا | دبلۆماسی |
| ٧ | شمشێری دیمەکلیس | نازم حیکمەت | عەزیز گەردی | ئەدەبی |
| ٨ | بەڵگەنامەکانی ئنگلیز لەبارەی کێشەی کورد | بیلال ن. شمشێر | سەلمان عەلی | دۆکیومێنتی |
| ٩ | چۆن لەگەڵ منداڵەکەمدا رەفتار بکەم | د. کاربر | شەیدا ساڵح | دەروونناسی |
| ١٠ | نۆڤلێتی شەترەنج | شتیڤان تسڤایگ | عەبدولموئمین دەشتی | ئەدەبی |

**بەشی سێهەم :**

**٣. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

١,٢ بیرۆکەی دروست بوونی :

سەردەم وەك ناوەندێکی رۆشنبیری مەدەنی کۆمەڵێك ئەرکی رۆشنبیری گرتووەتە ئەستۆ کەپێکهاتووە لە چاپکردن و بلاوکردنەوەی کۆمەڵێك گۆڤار کە گرنگی دەدەن بەبوارە جیاجیاکانی رۆشنبیری و وەرگێڕانی کلتوری بیانی لە ئەدەبیات و فکری سەردەم و فەلسەفەی نوێ و بواری زانستی جیاجیا سەرەڕای چاپکردن و بلاوکردنەوەی چەندان کتێبیکلتوری و فەرهەنگی و فکری و مێژوویی و ئەدەبی دەوڵەمەند بەشێواز و ناوەرۆکی نوێ.

شێرکۆ بێکەس وەك سەرۆکی دەزگا پێی راگەیاندین: "ساڵی ١٩٩٨ کاتێك لەدەرەوەی ولات بووم و بڕیارمدا بەیەکجاری بێمەوە کوردستان، بیرمان لەوە کردەوە دەزگایەکی رۆشنبیری بکەینەوە لەگەڵ هاوڕێیانم (حسێن عارف، رەوف بێگەرد، محەمەد موکری، دڵشاد عەبولا) باسم کرد ئەوانیش بیرۆکەکەیان بەدڵ بوو پشتگیریان کرد و زیاتریشیان خستەسەر.. کۆتایی ئەوساڵە بەرەسمی داوای مۆڵەتی رەسمیمان لەحکومەت کرد.. چووینە لای یاساناسەکان تا کلێشەیەکی یاساییمان بۆ دابڕێژن، یەکێك لە بەندەکان ئەوە بوو حکومەت لە رووی مادیەوە پشتگیریمان بکات، هەر لەکۆتایی هەمان ساڵدا دەستامن بەکارکردن

کـرد. [T]" هـەروەها سـەبارەت بـە پەیکـەری کـارگێڕی دەزگـای نـاوبراو ئاماژەی کرد بە "دەزگا ئەنجومەنێك بەڕێوەی دەبات کە هـەر ئەنـدامێکی ئەکرێکی ئیداری و ئەرکێکی رۆشـنبیری هەیـە، لەگـەڵ ئـەوەدا ئاڕاسـتەی کارکردنمان لە دوو روانگەوەیە:

١. گۆڤار، زیاتر گرنگی دەدەین بە بواری فکری و فەلسەفی و زانستی و کلتوری بیانی و کوردی لەگەڵ بواری تەرجەمەدا.
٢. کتێب، لەهەموو مەیدانێکی فکـری و مـەعریفی و مێـژوویی و ئـەدەبی و.... هتد دا"

هـەروەها سـەبارەت بـە پێشکەوتن و گەشـەکردنی دەزگاکـە پـاش تێپـەڕ بـوونی دووسـاڵ بەسـەر تەمەنیـدا وتـی:" سـاڵی رابـردوو دوو پـڕۆژەی تریشمان زیاد کردووە:

١. زنجیرەی کتێبی گیرفان
٢. زنجیرەیکتێبی منداڵ"

"لـە بەرنامەشمانـدا هەیـە کـە گۆڤـاری (سـردم العربـی) بـۆ ناوچـە ئازادکراوەکانی عیراق دەربکەین. [TT]"

زانیاریەکان لەسەر ئەمە بابەتە دەکەین بەچەند بەشێکەوە:

١. خودی دەزگا
٢. گۆڤارەکانی دەزگا
٣. کتێبەکانی دەزگا

## ٢,٣: خودی دەزگاکە:

---

[T] رۆژی ٢٠٠٣/٠٣/١٧ تایبەت بەم توێژینەوەیە ئەم چاوپێکەوتنەمان لەگەڵدا سازداوە.

[TT] ئەم دەقەمان لە چاوپێکەوتنێکی شێرکۆ بێکەسەوە وەرگرت کە کەناڵی کوردسات لەسەرەتای ئایاری ئەمساڵدا لەگەڵیدا سازیکرد.

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کەدەکەوێتە نزیك فولکەی یەکگرتن – خانووی ژمارە ٣ و لە ١٩٩٨/١٠/٢٥ دامەزراوەو سەرۆکی دەزگا شێرکۆ فایەق بێکەسە و پەیکەری کارگێڕی دەزگاکەش بەم شێوەیەیە :
١٢ نووسەر راستەوخۆ پەیوەندیان بە سەرۆکی دەزگاوە هەیە وەك لیژنەی شارەزایان :

( شێرزاد حەسەن – شارەزا ، رێبین ئەحمەد هەردی ، شوان ئەحمەد ، شاهۆ سەعید، تایەر سالح سەعید ، عوسمان شەیدا ، سەلام مستەفا ، ، ئاکۆ کەریم ، یاسین عومەر ، فەرەیدون پێنجوێنی ، عەتا قەرەداغی ، سەدرەدین عارف )

ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەزگا:

( دڵشاد عەبدولا ، ئەکرەم قەرەداغی ، رەوف بێگەرد ، ئازاد بەرزنجی ، هەڵکەوت عەبدولا ، حسێن عارف )

لیژنەی جێبەجێکردن:

١. بەڕێوەبەری کارگێڕی :

ا. ١ سکرتێرە ب. ٣ شۆفێر ج. ٢ کارمەندی پرسگە د. ١ پاسەوان هـ. ٥ ئاسایش و. ٣ خزمەتگوزار ز. ٢ چایچی
ح. ١ کارمەندی صیانە گ. ١ کارمەندی فۆتۆکۆپی ی. ١ کارمەندی خۆیی ك. ٢ کارمەندی دابەشکردن ل. ١ هێڵگۆڕ

٢. بەڕێوەبەری ژمێریاری:

ا. ١ گەنجینەدار ب. ١ خزنەدار ج. ١ تێبینەر

٣. بەڕێوەبەری هونەری:

ا. ٩ هەڵەبڕ ب. ٣ تایپیست ج. ٣ دیزاینەر د. ٢ چاپکەر هـ. ٢ کارمەندی بڕین و کۆکردنەوە و. ٤ بەشی ئینتەرنێت

ژمارەی کارمەندەکان: ٧١ کارمەندە و نێر: ٥٦ کارمەند مێ: ١٥ کارمەند

- سەرچاوەی ماددی دەزگا: حکومەتی هەرێمی کوردستان و داهاتی گەڕاوەی کتێب و گۆڤارەکانی دەزگا
- چاپخانە: چاپخانەی خودی دەزگا و چاپخانەکانی شار
- ژمارەی مۆڵەت: بڕیاری ژمارە ٩٨ی ڕۆژی ١٩٩٨/١٩/٢٥ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی پێدراوە
- شوێنی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت: www.sardam.net
- سنوری بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەکانی: هەرێمی کوردستان و ئێران و چەند وڵاتێکی ئەورووپی.

*٣,٣ : گۆڤارەکانی دەزگاکە :*

*٣,٣,١. گۆڤاری سەردەم*

*گۆڤاری سەردەم یەکێکە لە گۆڤارە فکریە جدیەکانی دوای ڕاپەڕین کە چەندین نوسەر و وەرگێڕی لێهاتوو تیایدا دەنووسن، سەردەم گۆڤارێکی تایبەتە بە وەرگێڕان و کلتوری بیانی، خاوەنی ئیمتیازی شێرکۆ بێکەسە و سەرنووسەری ڕەوف بێگەردە، ژمارەی یەکی لە شوباتی ١٩٩٩دا کەوتوەتە بەر دیدەی خوێنەران، ژمارە ٢٤ دواهەمین ژمارەی ساڵی ٢٠٠٢ ە. شایانی ئاماژە پێکردنە ئەم گۆڤارە هەموو دوو مانگ جارێك بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دەرچووە بەقەوارەی ٢٣×٣٣سم، دوو توێی ٢٠٠ لاپەڕە، لە دەستەی نووسەراندا ئەم ناوانە دەبینین:*

1. *ڕێبین هەردی*
2. *شوان ئەحمەد*
3. *شاهۆ سەعید*

*بەڕێوەبەری نووسین: ئازاد بەرزنجییە و دەرهێنانی هونەری قادر میرخان.*

ئەوەی شایانی ئاماژەپێکردنە لەم گۆڤارەدا ناوەڕۆکی بابەتەکانی دابەش دەبێت بەسەر چەند گرێژنەیەکدا:

= فکر و فەلسەفە:

ئەم گرێژنەیە بابەت و لێکۆڵینەوەی گەورە نووسەر و فەیلەسووفەکانی جیهان بەگشتی و یۆنان و فەرەنسا و رۆژهەلأتی ناوەڕاست بەسەردەکاتەوە لە روانگەی تەرجەمەکردنی هەر نووسراو و توێژینەوەیەك کە لەبارەیانەوە کرابێت بە پلەی یەکەم بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی و بەپلەی دوەم ئینگلیزی و ...هتد.

= رەخنە و لێکۆڵینەوە:

لەم بەشەدا بەسەرکردنەوە و چاوخشاندن و بەدواداچوون لە نێوان دەیان بابەتی فکری و فەلسەفی و ئەدەبی کراوە و رەخنە و رووبینای تایبەتی و لێکۆڵینەوەی فرە رەهندیان لەبارەوە پێشکەش کراوە.

= لە ئەدەبی گەلانەوە:

لەژێر ئەم ناونیشاننەدا و بەدرێژایی ٢٤ ژمارەی سەردەم دەیان تێکستی ئەدەبی لە ژانرەکانی (شیعر، چیرۆك، شانۆنامە ....هتد) دەخوێنینەوەکە ئەمانیش وەك بەشەکانی تر هەلگۆزراوی ئەدەبیاتی ئەوروپا و رۆژئاوان لەگەلّ چەند تێکستێکی کەم کە لە کلتوری رۆژهەلأتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە.

= گفتوگۆ:

ئەم بەشەش وەرگێڕانی زیاتر لە ٢٠ گفتوگۆ و پەیڤینی گەورە نووسەر و بیرمەندەکانی جیهانی نووسین و فکری لەخۆگرتووە لە بوارەکانی فەلسەفە، فکر، ئەدەب، سینەما، رامیاری و......هتد.

= فایلی ژمارە:

بەدریژایی ٢٤ ژمارەی رابردوو چەندین فایلی تایبەت بە رەهەندە فکری و ئەدەبیە زیندوەکانی جیهان بە گشتی کراوەتەوە وەك (مارکس و

مارکسیزم، فرۆید و فرۆیدیزم، بوونگەرایی، ڕۆمانی نوێی فەرەنسایی، فێمینیزم، قوتابخانەی فرانکفۆرت و......هتد).

= وێستگەکانی سەردەم:

ئەم بەشە هەرلە ژمارەی یەکەمەوە بەشێوەیەکی ناسك خۆی ناساند ئەویش لەبەر ئەوەی کە پەڕەنگی بابەتەکانی خۆی لە بابەتی ئاسان و سانای ڕۆژنامەوانی و ئەدەبی و بوارەکانی سینەما و کەسایەتیە ناسراوەکان و چاپکراوی نوێ و نوێترین فیلم و خەڵات و یاداشت و دەمەتەقێی سەرپێیی و هەواڵی کورت و کرمانجدا دەبینێتەوە.

گۆڤاری سەردەم هەمان ئەو کارمەندانە کاری تێدا دەکەن کە لەدەزگای ناوبراودا کارمەندن، لەوانە پێنج کارمەندیان نێر و یەك کامەندیان مێیە کە ئەرك و فرمانەکانی سەردەم هەڵدەسوڕێنن. تیراژی گۆڤاری ناوبراو لە ژمارە یەکەوە تا دواژمارە نەگۆڕە و خۆی لە ٥٠٠ نوسخەدا دەبینێتەوە کە لەم بڕەش ٥٠ نوسخەی تەرخان کراوە بۆ دیاری، ٢٠ نوسخەی بۆ ئەرشیف و ئەوانی دیش بۆ فرۆشتن.

ماوەتەوە بڵێین ئەم گۆڤارە مۆڵەتی ژمارە ٢٥٢ی ١٧/١٢/١٩٩٨ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت زمانی بەکاربراو لە گۆڤارەکەدا تەنها کوردیە و سنووری بڵاوبوونەوەی هەرێمی کوردستان و ئێران و هەندێك ژمارەشی گەیشتوەتە هەندەران.

٣,٣,٢. پاشکۆی سەردەم

تائێستا سێ ژمارە لە پاشکۆی سەردەم بڵاوبوەتەوە، ژمارە یەك تایبەتە بە (ڕستێك کورتە چیرۆکی بیانی)، ژمارە دوی تایبەتە بە(چیرۆکی بیانی)، ژمارە سێی تایبەتە بە (شانۆی بیانی). پەیکەری کارگێڕی پاشکۆی سەردەم هەمان پەیکەری خودی گۆڤاری سەردەمە لەتەواوی پۆستەکانی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و بەڕێوەبەری

نووسین. لـەم بارەیـەوە رەوف بێگـەردی سەرنووسـەر وتـی: "[T] بەرهـەمی وێژەییمان زۆر بۆ دەهات بەتایبەت لە بواری شانۆ و کورتە چیرۆك، بۆیـە بیرمان لەوەکردەوە کە هەموو جارێك هەندێك لەو بابەتانە لە پاشکۆیەکدا بەناوی پاشکۆی سەردەم بلاْو بکەینەوە کە هەرژمارە و تایبـەت بێت بـە چـیرۆکی بیـانی یـان شـانۆی بیـانی چـونکە شـانۆی کـوردی تائێـستا بۆشاییەکی زۆری تێدایە و ئێمـەش چـەند دەقێکـی زۆر و باشمـان هـەبوو بۆیە ئەو ژمارەیـەمان بـۆ تـەرخانکرد، هیـوادارین بتـوانین لـە ژمارەکـانی ئاینـدەدا هـەرژمارەو بـۆ کۆمەڵـە چـیرۆکی وڵاتێـك تـەرخان بکـەین وەك بەرهەمی هیندی و ژاپۆنی و بەرازیلی و....هتد".

٣,٣,٣ گۆڤاری زانستی سەردەم

یەکێکە لە گۆڤارە زانستیە جددیەکانی پاش راپەڕین کـە بەشـێوەیەکی وەرزی و بە زمانی کوردی و رێکوپێك تا ئێستا ١٤ ژمارەی لێ کەوتوەتە بازاڕەوە، ئەم گۆڤـارە هـەر لـە ژمـارە یەکـەوە بەشـێوەیەکی دەوڵەمەند لە بابەت و سەرنج راکێش لە دیزاین و قەشەنگ لە هەمەڕەنگی بوارەکانی زانستدا خۆی ناساند، یەکـەمین گۆڤارێك بـوو لـە کتێبخانـەی کوردیدا کە بەو شێوە بەرفراوانە لە زۆربەی ژانـر و رەهەنـدەکانی زانـست بدوێ.

راسـتە پێـشوەخت گۆڤـاری تـر هـەبوون لـە بـواری زانـستیدا وەك (گۆڤـاری زانیـاری، گۆڤـاری سروشـت، گۆڤـاری پـەروەردە و زانـست، گۆڤاری ئابوری، گۆڤاری تەندروستی و کۆمەڵ و....هتد)" بـەلاْم هیـچیان نە لەروی قەوارە و ژمارەی لاپەڕەوە و نە لـەرووی بـەرفراوانی و زۆریـی و

[T] لەچاوپێکەوتنی ٢٠٠٣/٠٥/١٧دا نووسەری ناوباو ئەم لێدوانەی دا.

هەمەڕەنگی ڕەهەندەکانی زانستەوە و نە لەرووی بەردەوامی و ئەتەکێتی هونەریەوە لە هۆبەی زانستی سەردەم نەهاتوون.

گۆڤاری ناوبراو گۆڤارێکی زانستی گشتی وەرزیە و خاوەنی ئیمتیازی کەمال جەلال غەریب و سەرنووسەری ئەکرەم قەرەداغی یە، سەرنووسەر هۆکاری هاتنە بوونی ئەم گۆڤارە دەگێرێتەوە بۆ رازێك کە لە ژمارە یەکی تەمموزی ١٩٩٩و لە لاپەڕە یەکدا یاداشتی کردووە: "بوونی گۆڤارێکی زانستی بە زمانی کوردی خەونێکی دێرینەی زانا و پسپۆڕ و ئارەزوومەندانی زانست و گشت رووناکبیرانی کورد بووە، بەدەها و سەدان جار لە کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینارەکان و لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان ئەم ئاواتە دووبارە کراوەتەوە و ئەوە وتراوە، کەچیدی نابێ و ناکرێ ئێمە ئیتر گۆڤارێکی لەو بابەتەمان نەبێت" سەرنووسەر بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "هەر بەو مەبەستە و بەو گیانەوە، وا چرایەکی دیکەی دنیای رووناکبیری و ئەفراندن و سەقامگیری زمانی زانستی کوردی هەڵدەکەین و مەودا و بوار بۆ نووسین و توێژینەوە لە بەردەم زانا و پسسۆڕ و زانست پەروەرانی کوردا دەکەینەوە هەموو ئاواتێکمان ئەوەیە، بەهەوڵ و دڵسۆزی گشت خەمخۆرانی نەتەوە بتوانین کەلێنێکی دی لە ڕەهەندی بەرجەستە بوونی هەبوونی ئەم نەتەوەیەدا پڕ بکەینەوە، ترووسکە و چراوگێکی نوێی ناو شەوەزەنگی تاریك و نووتەکی کاروانسەرای ئەم رەوتە پیرۆزە بین." شایەنی باسە ئەم خەون و خولیایەی زانستی سەردەم لەگەڵ تێپەڕاندنی تەمەن و بەرز بوونەوەی کێرڤی ژمارەکانی خەونی بە شتی گەورەترەوە بینی وەك لە ژمارە ١٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢دا ئەکرەم قەرەداغی دەڵێت: "ئەمرۆ کە وڵات ئازادە و دەرفەتی لەباری خوێندن رەخساوە، بەڵام زۆرێك لەوانە تەمەنیان هەڵکشاوە و ناتوانن خوێندن تەواو بکەن، بەتایبەتی چونکە زانکۆکان تەنها بەشی ئەو خوێندکارانە دەکەن کە لە خوێندنگا

ئامادەییەکانەوە ساڵانە دەردەچن. ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە زۆرجار ئارەزووەکانی خوێندکار لەگەڵ ئەولقەی بۆ وەرگرتنی دەستنیشان دەکرێت یەکناگرنەوە و ئارەزووی ئەوە دەکەن بە ئارەزووی خۆیان بخوێنن، لەبەر ئەوەش کە خوێندن مافێکی سادەی مرۆڤە ودەبێ تا مردن ئەو مافەی بۆ دەستەبەر بکرێت و بەشێکە لەسیمای ئازادی وڵات و نەتەوە و ئەو جیهانگیریەی کە دنیای سەردەمی گرتوەتەوە، هەربۆیە بیرکردنەوە لە دروستکردنی -زانکۆیەکی ئازاد- لە کوردستاندا هەنگاوێکی گەورەیە بەرەو پێشکەوتنی گەلەکەمان....." بێجگە لەم خەونە گەورەیە زانستی سەردەم چەند خەونێکی تری هێنایەدی کە ئەوانیش چاپ و بڵاوکردنەوەی چوار کتێبی فەرهەنگی زانستی بوو لە بوارەکانی (کیمیا، کیمیای شیکاری، کیمیای ئەندامی، فیزیا)دا.

گۆڤاری ناوبراو بەدرێژایی ١٤ ژمارەی رابردوو گرێژنەی بابەتەکانی بەسەر ئەم ناونیشانانەدا پۆلێن بکات:

= نۆژداری: زیلتر لە ٥٠ بابەتی نۆژداری و پزیشکی تایبەت بە نەخۆشیەکانی هەناو و نەشتەرگەری جوانی و کێشە و چارەسەری نەخۆشیەکانی مرۆڤ و بابەتی تەندروستی گشتی لەخۆگرتووە.

= سێکس: ئەم بابەتە فەرامۆش کراوەی بواری زانست لەم گۆڤارەدا پێگەیەکی ناوەندی دراەوتێ و تا ئێستا دەیان بابەتی لەم گرێژنەیە بڵاوکردوەتەوە کە زۆربەیان وەرگێڕاون لە زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبیەوە.

= فسیۆلۆژی: تەندروستی گشتی مرۆڤ لەگەڵ جۆری خۆراك و چەندێتی و چۆنیەتی کاریگەری ڤیتامینەکان و ژەهراوی بوون و هاوسەنگی لەش و.....هتد بابەتە سەرەکیەکانی ئەم گرێژنەیەن.

= بایۆلۆژی: ئەم لایەنەش گرنگیەکی زۆری پێدراوە لە گۆڤارەکەدا، دەیان بابەتی بوارە جیاوازەکانی (جینی مرۆڤ، سیستمی ABO،

پۆلێنی مێشك و دەماغی مرۆڤ، ڤایرۆسی سروشتی و دەستکرد، هۆرمۆنە روەکیەکان،....)لەخۆگرتوە.

= دەروونزانی: لەم بوارەدا چەندین وەرگێڕ و نووسەر بە بابەتگەلی (چارەسەری خەمۆکی، کێشەکانی هەرزەکار، بنەماکانی دووستی دەروونی، ئەندازەی تووڕەبوون،.....) بەشداریان کردووە.

= کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت: لەم بوارەشدا چەندین بابەتی تایبەت بە کۆمپیوتەر و زمانی زیندوی ئینتەرنێت و بوارەکانی تەکنەلۆژیای زانستی و بەرنامە نوێیەکانی مایکرۆسۆفت و ڤایرۆسەکانی چێرنۆبڵ و داهێنانەکانی پرۆگرامی پراکتیکی بەرچاو دەکەوێت.

= ژینگەزانی: وەك بابەتێکی هاوچەرخ کەمترین لێکۆڵینەوەی لەسەرکراوە بێجگە لەو کۆباسانەی کە رێکخراوی (کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز) پێشکەشی کردوون، گۆڤاری ناوبراو لەم بوارەدا خزمەتێکی باشی بە بابەتەکانی (ژینگەی سەدەی بیست و یەکەم، شارە گەورەکان، ئاووهەوا، ترشە باران، پیس بوونی هەوا، پاشماوە ژەهراویەکان...) کردووە.

= فیزیك و گەردوونزانی: (کونە رەشەکان، گەردوون جمەی دێت لە ژیان، بیردۆزی رێژەی تایبەت، لەیزەر و چارەسەری سیحراوی...) ئەمانە و چەندین بابەتی گەردوونی و فیزیای ئەندازەیی و فیزیای گشتی تێدایە.

= پەروەردە و منداڵ: درێژکراوەی گرێژنەی دەروونزانیە بەلأم بەشێوەیەکی تایبەت تر لە بوارەکانی دەروونزانی منداڵ و ئەزموونە پەروەردەییەکان دەدوێت.

= پیشەسازی: ئەم بەشە هەرچەندە لەرووی پراکتیکیەوە زۆر دواکەوتووە بەلأم تیۆری پیشەسازی لەم گۆڤارەدا بەشێوەیەکی

ناوەندی بەرچاو دەکەوێت و لە نمونەکانی پیشەسازی عەتر و مۆبایل و کاغەزی بەسەر کردوەتەوە.

= کیمیا: ئەم بوارە دەیان بابەتی لە گۆڤارەکەدا بۆ تەرخان کراوە وەك بابەتی داستانی کانزاکان کەپاشان بۆ مامۆستا جەمال عەبدول بوویە سەرەتای زنجیرەیەکی ٣٠ بەرگی لە بواری ئینسایکلۆپیدیای کیمیا.

= کشتوکاڵ: کشتیاری و کشتوکاڵ وەك دوو بابەتی زیندوی کۆمەڵگای کوردی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە پانتایی ئەم گۆڤارەدا توێژینەوەیان لەسەر پێشکەش کراوە وەك بوارەکانی نەخشی باخچە و جۆرەکانی روەك و کاریگەری دەردەکانی روەك وەك سن و کیسەڵە و ...هتد.

= ڤێتێرنەری: پزشکی ئاژەڵ بابەتی مەترەحی ئەم تریبۆنەمانە لە سەرجەم بوارەکانی تەندروستی ئاژەڵ و نەخۆشیەکانیان و چارەسەریان دەکۆڵێتەوە.

= هەمەچەشن: هەر ژمارەیەکی زانستی سەردەم کۆمەڵێك بابەت و لێکۆڵینەوەی هەمەچەشنی تێدایە لە بوارەکانی (وەرزش، ئەندازیاری، خۆراکزانی، جیۆلۆجی، رێپۆرتاژ، بۆماوەزانی، پاراسایکۆلۆژی، داهێنانی نوێ، مشەخۆرزانی، مایکرۆبایلۆژی و....) لەگەڵ بوونی نزیکەی ٥٠ هەواڵی نوێی زانستی.

ماوەتەوە بڵێین قەوارەی گۆڤارەکە ٢٩٠٧×٢١سم ەو رێژەی لاپەڕەکانیشی لەنێوان ٢٥٠–٣٠٠ لاپەڕەدایە. هەروەها ٣ کارمەندی نێر و یەك کارمەندی مێ هەڵدەستن بەجێبەجێکردنی ئەرك و فرمانەکانی گۆڤارەکە.

تیراژی گۆڤاری ناوبراو لەنێوان٥٠٠–١٢٥٠ نوسخەدایە. نرخی گۆڤارەکە سەرەتا ٢٠ دینار بوو ئێستاش بەهۆی بەرزبونەوەی نرخی دراوەوە کراوە

بە ١٥ دینار. سنوری بڵاوبوونەوەی هەرێمی کوردستان و ئێران و هەندێك وڵاتی ئەوروپایە. ژمارەی مۆڵەتی ٢١٩ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە.

### ٣,٣,٤ گۆڤاری ئاینده

(ئێستا) یەکێك بوو لە گۆڤارەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کە پێنج ژمارەی بە زمانی کوردی لەژێر سەرپەرشتی دەزگای ناوبراودا لێدەرچوو، پاشان گۆڕرا بە مانگانەی (ئاینده) کە تا ئێستا ٣٩ ژمارەی لێدەرچووە کەتایبەتە بە ئەدەب و هونەر و هزری هاوچەرخ، ولەژێر دروشمی (ئاینده ئێستایە)دا درێژە بەکاری خۆیان دەدەن.

ئەم گۆڤارە لەرووی قەوارەوە تا ئێستا دوو جار قەوارەی گۆڕراوە، سەرەتا لە قەوارەی ٢٩٠٧×٢١ سم بوو، پاشان لە ژمارە ٢٧ەوە قەوارەکەی بووە ٢٢٠٥×١٧سم. لەرووی ژمارەی لاپەڕەوە بەهەمان شێوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، سەرەت ژمارەی لاپەڕەکانی سێسەد و کسور بووبەلأم ئێستا ژمارەی لاپەڕەکانی لەنێوان ١٥٠-١٧٠ لاپەرەدایە.

ئێمە هۆکاری ئەم هاتنە خوارەوەیەی کێرڤی گۆڤارە دەگێڕینەوە بۆ یەکەم نەبوونی ستافێکی جێگیر وەك دەستەی نووسەران کە بەشێوەیەکی ئاکتیڤانە بەکارەکانی خۆیان هەستن، ودوەمیش بەهۆی ئەو هەموو گۆڕانە تەکنەلۆژیەی کە لەجیهاندا روویداوە و بوەتە هۆی جۆرێك لە پاشەکشە لە ڕێژەی خوێنەری بوارەکانی ئەدەبدا.

خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ناوبراو حسێن عارفە، سەرنووسەری دڵشاد عەبدوڵاو بەرێوەبەری نووسینی هەڵکەوت عەبدوڵایە، ئەندامانی دەستەی نووسەران: یاسین عومەر، تەلعەت تاهیر، قادر میرخان، فەرەیدون پێنجوێنی، ئاکۆ کەریم و سەلام مستەفاش وەك پەیامنێر دەست بەکارە.

بوارەکانی ئاینده لەم چەند گرێژنەیەدا دەردەکەون:

= دەقـــی ئـــەدەبی: کـــە ســـەرجەم ژانرەکـــانی (شـــیعر، چـــیرۆك، پەخشان،شیعری بیانی، کورتەچیرۆکی بیانی و خۆماڵی) لەخۆگرتوە.

= لێکۆڵینەوە و رەخنە: چەندین بـوار و بابـەتی ئـەدەبی و رۆشـنبیری لەم بەشەدا خراونەتە بەر باس و لێدوان.

= گفتوگۆ: دەیان گفتوگۆی هونەری و ئەدەبی و رۆشنبیری نووسـەران و شاعیران و توێژەرەوان لەم بەشەدا دەخوێنیتەوە.

= هونـــەرە جوانـــەکان: لـــەم بەشەشـــدا چـــەندین ژانـــری هونـــەری وەك شێوەکاری، پەیکەرسازی، شانۆیی، سینەما، مۆزیك بەسەرکراونەتەوە.

= وەرگێڕان: لەگەڵ بوونی گۆڤـاری تایبـەتی دەزگـا بـەبواری کلتـوری بیانی و وەرگێڕان ئایندەش شانبەشانی ئەو لـەبواری ئەدەبدا چـمکێکی وەرگێڕانی بەرکەوتوە.

= تەوەری کراوە: ئەم برگەیە لە هەموو ژمارەیەکدا نیە بەڵکو لەچـەند ژمارەیەکدا و بۆ چەند بابەتێکی پێویـست تـەرخان کـراوە وەك گـۆڕان و جیاوازی لە شیعردا، پاولۆ کۆیلۆ، تەوەری ئەدەب و بیری نەتەوایەتی.

= جیهانی کتێب: لەگەڵ بوونی سـێلاۆێك لـە بلاۆکـراوە و کتێبـی نـوێ هەرجارە و خوێندنەوە بۆ چەند کتێبێك لە بوارە جیاوازکـانی ئـەدەب و فکردا کراوە.

= نزیك و دوور: لەم بەشەدا بە کەمترین دێـڕ، بـە شـێوەیەکی سـادە و ئاسان نوێترین هەواڵەکانی بـواری ئـەدەب و دنیـای نووسـین و نـاودارانی گۆڕەپـانی خـەلاَت و مـەرگ و ژیانیـان، گـرنگترین شـاکارەکانیان، وردە دەمەتـــەقێ و نامەیـــەکی بـــەجێماویان، هەســـتێکی نامۆیـــان بەسەرکراوەتەوە.

دواجـار پێویـستە بڵـێین ئاینـدە ژمـارەی مۆڵـەتی ٢٢٩ی وەزارەتـی رۆشنبیری وەرگرتووە و سـنووری بلاَوبوونەوەشـی هـەرێمی کوردسـتان و ئێران و هەندێك ولاَتی ئەوروپایە.

یەکێك لە ژانرە سەرەکیەکانی ئەم گۆڤارە وەك ئاماژەمان پێکرد شیعر بوو، کە لەبەر زۆری و گرنگی ئەم بوارە بەجیا و سەربەخۆ باسی لێوە دەکەین.

### ٣,٣,٥ گۆڤاری شیعرستان :

شیعرستان وەك پاشکۆی گۆڤاری ئاینـدە و تایبەت بە شیعر و بابەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی شیعری ١١ ژمارەی وەرزی لێدەرچووە لە دوو قەوارەی جیاوازدا هەروەك گۆڤاری ئاینـدە، بە کورتی ئەتوانین شیعرستان لەم چەند بوارەدا کۆبکەینەوە:

= دەقی شیعری: دەقی شاعیرانی گەورەی جیهان و ناودارانی ئێران و ئەدیبانی کوردی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

= تاراوگەی شیعری: وەك فایلی ژمارە وایە و هەندێك جار لە رووپەڕی گۆڤارەکەدا بەرچاو دەکەوێت وەك تاراوگەی شیعری ئەفگانی.

= چاوپێکەوتن: کە تیایدا دیدار لەگەڵ چەند شاعیرێکی نوێخوازدا کراوە یاخود چەند دیمانەیەك تەرجەمە کراوە.

= هەناسەی شیعرستان: بە کورتی چەندین وتەی هەڵبژاردە لە ئەدەبیاتی جیهانیەوە وەرگیراوە سەبارەت بە چەمك و مانای شیعر.

= ریکلامی دەقی شیعری: کە تیایدا بەبێ خوێندنەوە بەڵکو تەنها ریکلام بۆ دیوانی چەند شاعیرێك کراوە کە نوێ دیوانەکانیان کەوتوەتە بازارەوە.

### ٣,٣,٦ رۆڤار:

رۆڤار کورتکراوەی (گۆڤار–رۆژنامە)یە، یەکێکە لە بەرهەمە ناوازەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کە هەر دوو مانگ جارێك دەردەچێت بەقەوارەیەکی تایبەت کە لە روخساردا رۆژنامەیە و لە

ناوەڕۆکـدا گۆڤـار. ڕۆڤـار هـەر ژمـارەی تایبەتـە بـە ژیننامـەو بەرهـەمی ناودارێکی کورد لە بواری شیعر وەك (کامەران موکری، ئەحمەد هـەردی)، چـیرۆك وەك (ئیـبراهیم ئەحمـەد، محەمـەد مـەولود مـەم)، بـواری لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی وەك (مـەلا عەبدولکـەریمی مـودەڕریس)، بـواری سینەما وەك (یەڵماز گۆنای).

پەیکەری کارگێڕی ڕۆڤار تێکەڵێکە لە پەیکەری گۆڤاری سەردەم و ئایندە بەو واتایەی سەرپەرشتیاری گشتی شێرکۆ بێکەسە و بەڕێوەبەری دڵشاد عەبدوڵایە و دەستەی راوێژکارانیش حسێن عارف، ڕەوف بێگەرد و ڕێبین هەردییە، سەرپەرشتی هونەری قادر میرخانە، هـەرجارەی هونەرمەنـدێك کار لە مۆتیڤەکانی بەرگ و ناوەوەییدا دەکات وەك (ئیسماعیل خـەیات، ئاغالـە، ڕێبـوار ئەحمـەد). کـارگێڕی ڕۆڤـار عوسمـان شـەیدایە. ژمـارەی لاپەڕەکانی ڕۆڤار بەگوێرەی کەسایەتیەکە دەگۆڕێت لـە ٤٠–٦٠ لاپـەڕە. بوارەکانی لێدوانی (ئەدەب، هـزر، هونـەر، مێـژوو، ئـاین.....)ە. تـیراژی هـەر ژمارەیـەکی ٤٠٠ نوسـخەیە و ڕێـژەی فرۆشـتنی ٧٥٪. ژمـارە یـەکی ڕۆڤـار لـە ١٩٩٩/٠٥/٠٥دا دەرچـووە و تـاوەکو ئێـستا ١٧ ژمـارەی لێدەرچووە. ژمارەی مۆڵەتی ١٩٠ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە و وەك بەرهەمەکانی تری سنووری بڵاوبوونەوەی هـەرێمی کوردسـتان و ئێـران و چەند وڵاتێکی ئەوروپایە.

ماوەتەوە بڵێین لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ڕۆڤـار بابەتـەکانی هـەر ژمارەیـەکی سەبارەت بـە کەسـایەتی ژمـارە لەسـەر ئـەم سـتایلەی خـوارەوە دابـەش دەکات:

= وتەیـەك لەسـەر: هەنـدێك جـار ئـەم وتەیـە لەسـەر دیـوی نـاوەوەی بـەرگی یەکـەم دەنووسـرێت و زۆرتـریش وتەیـەکی دانـسقەیە و لـە بەرهەمێکی دێرینەوە دەرهێنـراوە سـەبارەت بـە کەسـایەتی ژمـارە وەك

ژمـارە ١٤ و وتەکـەی هـێمن موکریـانی شـاعیر سـەبارەت بـە مـەلا عەبدولکەریمی مودەریس کە لە پیچشەکی دیوانی نالی‌یەوە دەرهێنراوە.

= بیبلۆگرافیای ژیان و بەرهەمەکان: کەسایەت ژمارە هەرکەسێك بێـت بە خاڵ ژیانی، خوێندنی، شوێن و کات و بەرهەمی لەگـەڵ دەسـنووس و کارە چاپکراو و پیشاندراوەکانی دەخرێنە بەر تیرۆژی ئەژمارکردنەوە.

= بەشێك لـە هەڵبـژاردەی بابەتـەکانی کەسایەتیەکە: لەهـەر کتێـب و رۆژنامـــە و گۆڤـــار و بلأوکراوەیـــەکی رابـــردوودا بەرهـــەم وبابـــەتی بلأوبووبێتەوە ئەمان لێرەدا بە رێژەی ١٥-٢٠ لاپەڕە تەرخان دەکەن بـۆ گـرنگترین هەڵبـژاردەکانی تەنانـەت ئەگـەر رۆمانیـشی نووسـیبێت هـەر بەشێکی بلأو دەکرێتەوە.

= لەســـەر کەســـایەتیەکە: لـــەم بەشـــەدا هەڵبژاردەیـــەك بابـــەت و لێکۆڵینەوە و وتـار بلأودەکرێتـەوە کەلەسـەر کەسایەتی نـاوبراو لێـرە و لەوێ بەخامە و نووسەری جیاواز نوسراون.

= چاوپێکەوتن: ئەگەر کەسایەتیەکە لـە ژیانـدا مابێـت وەك (ئەحمـەد هەردی، مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس) ئەوا هەوڵدراوە چاوپێکەوتنەکە لەگـەڵ خـودی کەسـایەتیەکەدا بێـت هەرچـەندە هـەموجار دەسـتیان نەکـەوتووە بـۆ نمونـە عەتیـە خـان وەك کـچی مامۆسـتای مـودەرریس پیڤینـی لەگـەڵ کـراوە، بـەلأم ئەگـەر کەسـایەتیەکە لـە ژیانـدا نـەمابێت هەوڵدراوە چاوپێکەوتنێکی بلأوکراوەی دێرینی بلأوبکەنەوە.

= ئـەلبوومی ژمـارە: ئـەم بەشـە کـە بـەڕای ئێمـە زۆر گرنگـە چـونکە بابەتێکی دۆکیومێنتیـە بـەلأم بەداخـەوە تـاوەکو ئێـستا هـەقی تـەواوی پێنـــەدراوە بەتایبـــەت لـــە رووی بـــوون و ژمـــارەی ئـــەو وێنانـــەوە کـــە بلأوکراونەتـەوە هێـشتا زۆری تـری مـاوە کـە مەبەسـتی سـەرەکی وەك دۆکیومێت بدات بەدەستەوە سەرەڕای ئەوەی کە بۆ ئەم بەشە پێویـست بوو لاپەڕەکانی تایبەت تر بوونایـە نـەك وەك کاغـەزی رۆژنامـە و ئەگـەر

بشکرایە لەبەرئەوەی وێنەکان وەك خۆیان بدوێن رەنگین و روونتر چاپ بکرانایە.

= دوا دڵۆپ: زۆربەی جار شیعرێك یان دقێکی هەڵبژاردەی جوان لەسەر کەسایەتیەکە لەم بەشەدا بڵاودەکرێتەوە کە ئەوە تائێستا کراوە شیعرەکان هەموویان لە نووسینی شێرکۆ بێکەسن.

٤,٣ : کتێبەکانی دەزگا :

دەزگای چاپ و پەخشی سەردم لە بواری بڵاوکردنەوەی کتێب لە هەسێ جۆری (قەوارە گەورە، کتێبی منداڵان، کتێبی گیرفان)دا رۆڵێکی بەرچاو وپرۆژەیەکی فرە بەرهەمی پاش راپەرینەکە لەسێ بەشی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە کە ئەوانیش (دانان، وەرگێڕان، ئامادەکردن)ن.

کاری ئەم بەشە بەچاپ گەیاندنی کتێبە لە بەرهەمی نووسەرانی کورد و غەیری کورد، لە هەموو بوارەکانی روناکبیری‌دا لیژنەیەکی هەڵسەنگاندن بڕیار لەسەر چاپکردنی کتێبەکان دەدەن پاشان بەشی هونەری ئەرکی کاروباری لەچاپدانەکەی دەگرێتە ئەستۆ، بەشی بڵاوکرنەوەش ئەرکی بڵاوکردنەوە و سەرپەرشتی کردنی لەخۆ دەگرێت، بەگوێرەی وتەی خۆیان هەر کتێبە و دەخرێتە بەردەستی پێنج پسپۆر کە ئەم بەشە پەیوەندی بە بەشی گۆڤارەکانەوە هەیە.

لە رووی ناوەڕۆکەوە کتێبەکان دابەش دەبن بەسەر ئەم گرێژنانەدا:

= مێژوویی: کە تەنها لەساڵی یەکەمدا ١٨ کتێب لەم بوارەدا چاپکراوە، ئەم بوارە تاوەکو هەنوکەش هەر بەبایەخەوە مامەڵی لەگەڵدا دەکرێت.

= رۆمان و چیرۆك: لە ساڵی یەکەمدا ١٩ کتێب لەم بوارەدا بڵاوکراوەتەوە، زۆرترینی ئەم گرێژنەیە تایبەتە بە رۆمان و نۆڤڵێتە جیهانی و بەناوبانگەکانی وەك (نیکۆس کازانتزاکی، خوان رۆلفۆ، پاولۆ کۆیلۆ، گابیێل گارسیا مارکیز).

= ڕەخنــەی ئــەدەبی: ئــەم بابەتــە هەنــدێکیان کــۆکراوەی وتــار و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانن پاشـان لەلایـەن نووسـەرەکانیانەوە کراون بەکتێب وەك (گەڕان بەدوای ناسنامەدا، گەڕان بەدوای بووندا...) یـاخود تێـزی ماسـتەرە سـەبارەت بـە ڕەخنـەی ئـەدەبی وەکـو تێـزی ماستەرەکەی ئەحلام مەنسور و هەرێز سابیر.

= لێکۆڵینەوە: ئەم بەشەش دابەش دەبێت بەسەر لێکۆڵینەوەی کـورد لەسەر کـورد یـاخود نـاکورد لەسـەر کـورد وەك بابەتـەکانی (مـاتن ڤـان برونسن، ئیسماعیل بێشکچی) و (د.مارف عومەر گوڵ، ئاسۆ جەبار).

= فەرهــەنگ: ئــەم گرێژنەیــە هەرچــەندە زۆر کــەم لای لێکراوەتــەوە و زۆریش گرنگە بەڵام بـە مـەرجێك زنجـیرەی پیتـەکانی فەرهەنگـەکان لـە زمانەکانی ترەوە بۆ کـوردی بێـت چـونکە ئەگـەر فەرهـەنگێك زنجـیرەی پیتەکانی بە کوردی دەست پێبکات وەك ئەوەی تا ئێستا لە کتێبخانـەی کوردیـدا زۆر بـاوە بەنمونــە (فەرهــەنگی شـارەزور کـوردی—ئینگلیـزی، واژەنامە کوردی—فارسی، فەرهەنگی مەردۆخ کوردی—فارسی—عـەرەبی، ئەستێرە گەشە کوردی—عەرەبی، فەرهەنگی مەهاباد کـوردی—عـەرەبی، فەرهــەنگی تــاهیر سـادق کـوردی—عـەرەبی، فەرهــەنگی ئاسـۆ کـوردی—ئنگلیـزی—فارسـی، فەرهــەنگی هەنبانــە بۆرینــە کـوردی—فارسـی....) ئەگەر بەو شێوەیە بێت بەقـەدەر ئـەوە سـوودمەند نیـە بـۆ کوردێك کـە بیەوێت تەرجەمەی زمانێکی پێبکات بۆسەر زمانی کوردی، خۆشبەختانە لـەم ڕووەوە ئـەم دەزگایـە دوو فەرهـەنگی بڵاوکردوەتـەوە (حەوتەوانـە، فەرهەنگی شـیرین) کـە هـەردووکیان جێگـەی خۆیـان کردوەتـەوە بـەڵام چۆنیەتـی سوود وەرگرتن لە حەوتەوانە زۆر ئـاڵۆزە و ئومێـد دەکـەین لـە نمونەی فەرهەنگی شیرین زیاد بکەن.

= فەلـسەفە: ئـەم بەشـەش تایبەتـە بـە لێکۆڵینـەوەی فەلـسەفی و تەرجەمەی دەقی فەلسەفی لە نمونەی خوان و سۆفیستەکان.

= کۆمەڵە وتار: وتاری وەرگێڕراو و فرە رەهەند و فرە بابەتی لەخۆگرتوە لە نمونەی پاڵمەخۆی، دەسەڵات و جیاوازی، دەروازە.

= منداڵان: هەرچەندە کارکردن لەم بەشەدا لەچاو خۆیدا درەنگ دەرستی پێکرد بەڵام بە شێوازی جوان و بەرگی رەنگین و قەوارەی گونجاو توانیویەتی کتێبخانەی منداڵان بڕازێنێتەوە و بە بابەتی تەرجەمەکراو دەوڵەمەندیبکات.

= رۆشنبیری گشتی: بابەتەکانی ئێرە زۆرینەیان نووسراون و فەررەهەندیشن لە بوارەکانی سایکۆلۆژی، پەروەردە، ئابوری، رامیاری و ...هتد دا وەك بابەتەکتنی (مەسعود محەمەد، کەمال جەلال غەریب).

= ئەرشیف: چەند بابەتێکی ئەرشیفی رۆژنامەوانی وەك گۆڤاری گزنگ و نزار لەگەڵ ئەرشیفی هونەری وەك ئەرشیفی شانۆی کوردی تانوپۆی ئەم گرێژنەیەیان چنیوە.

= یاداشت و بیرەوەری: بیرەوەری وەك کایەیەکی گرنگ لە ژیانی نووسەراندا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە بە تایبەت ئەگەر بە خامەی خودی بکەرەکەی نووسرابێت، لێرەش گرنگی بەم بوارە دراوە و کتێبی کاروانی بێکۆتایی نمونەی ئەم ژانرەن.

= فۆلکلۆر و ئەفسانە: لە کتێبخانەی عەرەبی و فارسی و هی تردا توێژینەوە لەم ژانرە زۆر کراوە بەڵام بەڕاستی کتێبخانەی کوردی لەم روەوە بۆشاییەکی بەرفراوانی تێدایە، سەردەم توانیویەتی بە رێژەیەکی ئەگەرکەمیش بێت لا لەم بوارە بکاتەوە و ئەگەر رە دەق یان بە لێکۆڵینەوە بێت بەسەری بکاتەوە وەك قەدەغە شکێنی و گەنجی سەربەمۆر.

= شیعر: ئەم بەشە هەرچەندە زۆرکەم بەسەر دەکرێتەوە لەبەر ئەوەی وەك سەرۆکی دەزگا دەڵێت: "شیعریش سیا ساڵی خۆی هەیە" و هەنوکەش ئەو سیا ساڵیەیە کە هەموو کەس بە شیعر ئەوێرێت بەڵام

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەیەکی کەمیان لە دیوانەکانی ئەندامانی دەزگایان چاپکردوە وەك بەفرنووس، شەوی دووەم، چراکانی سەر هەڵەمووت.

= وەرگێڕان: ئەم بەشە سەرجەم پرۆژەی کتێبی گیرفان لەخۆ دەگرێت کە بە قەوارەی نامیلکە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، زۆرینەی بابەتەکانیش لەسەر فکر و فەلسەفە و ئاین و مێژوو و سایکۆلۆژی و ئەدەبی و....دەگرێتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی وەرگێڕاوی تر لەزۆربەی بوارەکاندا چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

بۆ ریزبەند کردنی کتێبەکانیش ئێمە سێ خشتەمان هەیە:

۳,٤,۱ زنجیرەی کتێبەکانی دەزگا:

| ز. | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ | بواری کتێب |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ۱ | بیکاسۆ | ئینگۆ واڵتەر | زۆراب | هونەر |
| ۲ | خوان | ئەفلاتون | ئاوات ئەحمەد | دەقی فەلسەفی |
| ۳ | مارا–ساد | پیتەر ڤایس | شێرزاد حەسەن | شانۆگەری |
| ٤ | دنیای شتە بچوکەکان | ڕێبوار سیوەیلی | | لێکۆڵینەوە |
| ٥ | جەژنی لەدایك بوونی کەروێشکە خرپن | ئەلیسۆن ئەتتلی | تۆفیق ئەحمەد عەبدول | منداڵان |
| ٦ | مێلانە | حسێن عارف | | ڕۆمان |
| ۷ | ڕاپەڕینی شێخ | ڕۆبەرت ئۆڵسن | ئەبوبەکر | مێژوو |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | سەعیدی پیران | | خۆشناو | |
| ٨ | هوشیاری ئابوری | فوئاد تاهیر سادق | | فیکر |
| ٩ | بینای هونەریلە کورتە چیرۆکی کوردیدا | ئەحلام مەنسور | | تێزی ماستەر |
| ١٠ | کورد و کوردستان | وەلید حەمدی | محەمەد نوری تۆفیق | مێژوو |
| ١١ | زمانی ئاگایی ئاگایی زمان | عەبدولموتەلیب عەبدولا | | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی |
| ١٢ | بەهەشتی ئەوبەر پردەکە | ڕێبوار حەمەرەحیم | | ڕۆمان |
| ١٣ | مستەفا سائیب ئەستێرە گەشە | کەمال رەوف محەمەد | | ژیانوبەرهەم |
| ١٤ | روەك و پزیشکێتی میلی | کەمال جەلال غەریب | | پزیشکی روەکی |
| ١٥ | زستانە خەون | گوڵی تەرەقی | دلاوەر قەرەداغی | ڕۆمان |
| ١٦ | هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان | هاوڕێ باخەوان | | مێژوویی |
| ١٧ | پێدرۆ پارامۆ | خوان رۆلفۆ | ئازاد بەرزنجی و ڕێبوار سیوەیلی | ڕۆمان |
| ١٨ | ئاغاوشێخ شێخودەوڵەت | مارتن پان برونەسن | کوردۆ | مێژوویی |
| ١٩ | پاڵەخۆی | ڕێبوار رەشید | | وتار |
| ٢٠ | چراکانی سەر | شێرکۆ بێکەس | | پەخشان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | هەڵەموت | | | |
| ٢١ | گۆڕان و گەڕان بەدوای یەقیندا | عەتا قەرەداغی | | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی |
| ٢٢ | کتێبی ژن | کەژاڵ ئەحمەد | | فێندەمنتالیزم |
| ٢٣ | ڕێویەکی سەیر | حەمە ڕەشید | | منداڵان |
| ٢٤ | لە پەراوێزی مێژووی ئەردەڵاندا | نەوشیروان مستەفا ئەمین | | مێژوویی |
| ٢٥ | مێژووی ئارامیەکان | ئاسوار هەرشەمی | | مێژوویی |
| ٢٦ | سی و سێ گوللە | ئیسماعیل بێشکچی | ئاسۆس ئەحمەد هەردی | مێژوویی |
| ٢٧ | دیوانی بێکەس | کۆ. ئومێد ئاشنا | | ئەدەبی |
| ٢٨ | کیژی کاپیتان | ئەلکساندەر پەشکین | محەمەد حەمە ساڵح | ڕۆمان |
| ٢٩ | سێ دڵۆپە خوێن | | محەمەد کەریم | چیرۆک |
| ٣٠ | پاشماوەی خێڵەکان | عەتا محەمەد | | لێکۆڵینەوە |
| ٣١ | سەلیقەی زمانەوانی | د. حسێن محەمەد عەزیز | | ڕەخنە |
| ٣٢ | کیمیاگەر | پاولۆ کۆئیلۆ | ئەبوبوکر خۆشنناو | ڕۆمان |
| ٣٣ | کوردستانی عیراق سەردەمی قەڵەم و موراجەعەت | نەوشیروان مستەفا ئەمین | | مێژوویی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٤ | کێشەی کەسایەتی یاسایی نێونەتەوەیی گەلی کورد | د. ماف عومەر گوڵ | | مێژوویی |
| ٣٥ | لە تاریکیەوە بۆ ڕووناکی | | جەمال میرزا عەزیز | مێژوویی |
| ٣٦ | بیرەوەریەکانی تەیموری لەنگ | | حەمەی حەمە سەعید | بیرەوەری |
| ٣٧ | کوردستان و راپەڕینەکانی کورد | مستەفا یامولکی | ئا. سدیق ساڵح | مێژوویی |
| ٣٨ | بەفر نووس | دڵشاد عەبدوڵا | | دەقی شیعری |
| ٣٩ | دۆن کیشۆت | سێرڤانتیس | کاکە وەیس | ڕۆمان |
| ٤٠ | چەند بابەتێکی مێژوویی | د. جەبار قادر | | مێژوویی |
| ٤١ | زێڕی ناو زبڵ | د. فەرهاد پیرباڵ | | لێکۆڵینەوە |
| ٤٢ | سێبەر و هەتاو | نامق عەلی قادر | | هونەر |
| ٤٣ | سیاسەت بەهەڵەیدا بردین | بوزورگی عەلەوی | هەژار جەلال فەهمی | وتاری ئەدەبی |
| ٤٤ | بە تەنیشت سیاسەتەوە | ستران عەبدوڵا | | وتاری ڕۆژنامەوانی |
| ٤٥ | کلیلەکانی دەروازەی ناسینی خەڵکوخودی خۆمانم | دۆن بایرۆن– رۆبەرت بارۆن | مستەفا پەژار | دەروونناسی |
| ٤٦ | گوڵدانی خاڵی | | مژدە | منداڵان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | محەمەد باقی | |
| ٤٧ | مرۆڤ و دەوروبەر | مەسعود محەمەد | | روناکبیری |
| ٤٨ | گۆڤاری گزنگ | نەوزاد عەلی ئەحمەد | | لێکۆڵینەوە |
| ٤٩ | کتێب | کەریم دەشتی | | لێکۆڵینەوە |
| ٥٠ | عەقڵی خێڵ | بێستون شەوکەت | | لێکۆڵینەوە |
| ٥١ | لە (عەممان)ەوەبۆ (ئامێدی) | عەلی سەیدۆ گەورانی | تالب بەرزنجی | بیرەوەری مێژوویی |
| ٥٢ | چەند وێستگەیەکی فکریو ئەدەبی | ئازاد بەرزنجی | | وتار |
| ٥٣ | گەردوون لە روانگەی زانستەوە | عەبولرەحمان فەرهادی | | زانستی |
| ٥٤ | مێری چکۆلە | | ناسر حسامی | رۆمانی منداڵان |
| ٥٥ | سێ شانۆنامەی چیخۆف | | عوسمان چێوار | شانۆ |
| ٥٦ | جوگرافیای کوردستان | عەبدوڵا غەفور | | جوگرافیا |
| ٥٧ | قەدەغەشکێنی | مولود ئیبراهیم حەسەن | | تێزی ماستەر |
| ٥٨ | دەستەڵات و جیاوازی | مەریوان وریا قامع | | وتار |
| ٥٩ | خەونەکانی دێلە گورگ | جەنگیز ئیتماتۆڤ | جەوهەر کرمانج | رۆمان |
| ٦٠ | کارنامەی | | شاسوار | مێژوویی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ئەردەشێری بابەکان | | هەرشەمی | |
| ٦١ | ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا | کاروان عومەر کاکەسور | | رۆمان |
| ٦٢ | پەندی پێشینان | شێخ محەمەدی خاڵ | | پەند |
| ٦٣ | لە هونەرمەندە بلیمەتەکانی جیهان | | محەمەد عارف | هونەر |
| ٦٤ | نان و شەراب | ئینازیۆ سیلۆنە | رزگار ئەمین نەژاد | رۆمان |
| ٦٥ | ژنێك و دوو پیاو | لیۆنارد فرانك | شێرکۆ بێکەس | رۆمان |
| ٦٦ | کاروانی بێکۆتایی | محمودی مەلا عزەت | | بیرەوەری |
| ٦٧ | هوشیاری فەلسەفی | فوئاد تاهیر سادق | | فەلسەفە |
| ٦٨ | سلێمانی شارە گەشاوەکەم | جەمال بابان–ئاسۆ بابان–ئومێد خالد | | لێکۆڵینەوە |
| ٦٩ | گۆڤاری نزار | | | رۆژنامەوانی |
| ٧٠ | رامبۆ و زەمانی پیاوکوژان | | غەفور ساڵح عەبدوڵا | لێکۆڵینەوە |
| ٧١ | خوری زێڕین | | محەمەد حەمەساڵح | ئەفسانە |
| ٧٢ | ئەفسانەی کوردی | م. ب. رۆدێنکۆ | عەزیز گەردی | ئەفسانە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٧٣ | توركيا لەسەردەمی گۆڕاندا | محەمەدنورەدین | ئازاد بەرزنجی | سیاسی |
| ٧٤ | گەشتێك بەكۆماری مهاباد دا | بەكر عەبدولكەریم حەوێزی | | مێژوویی |
| ٧٥ | كوردستان لەنێو ململانێی نێودەوڵەتی وناوچەییدا | كامەران مەنتك | | سیاسی |
| ٧٦ | درەختی گەورە و درەختی بچووك | | نەجیبە ئەحمەد | چیرۆك |
| ٧٧ | خولاسەیەكی تاریخی كورد و كوردستان | محەمەد ئەمین زەكی | | مێژوویی |
| ٧٨ | سۆفیستەكان | رێبوار سیوەیلی | | تێزی ماستەر |
| ٧٩ | گەنجی سەربەمۆر | ئەحمەدبەحری | | دەقی فۆلكلۆری |
| ٨٠ | شەوی دووەم | دڵشاد عەبدوڵا | | دەقی شعری |
| ٨١ | بەڵێ لە بەهار ئەچێ | | د. هیوا عومەر ئەحمەد | چیرۆك |
| ٨٢ | فەرهەنگی حەوتەوانە | فەتاح كاویان | | فەرهەنگ |
| ٨٣ | رێزمانی كوردی | د. ئەورەحمانی حاجی مارف | | زمانەوانی |
| ٨٤ | مەرگەساتی شا | شكسپیر | شێرزاد | شانۆیی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | لیر | | حەسەن | |
| ٨٥ | منداڵو سایکۆلۆژیەتی پەروەردەکردن | محەمەد کەساس | | سایکۆلۆژی |
| ٨٦ | کۆچ و سەفەر | ئاسۆ جەبار | | لێکۆڵینەوە |
| ٨٧ | سەد ساڵ تەنیایی | گابیێل گارسیا مارکیز | حەسەن رەستگار | رۆمان |
| ٨٨ | ئەحمەد موختار بەگی جاف | عەبولکەریم حەمید عەبدولکەریم | | شیعر |
| ٨٩ | ڤان کوخ | ئینگۆ ف. واڵتەر | زۆراب | هونەر |
| ٩٠ | تێزی تورك بۆ مێژوو | ئیسماعیل بێشکچی | ئاسۆس هەردی | مێژوویی |
| ٩١ | ژووری میوان | کاوس قەفتان | | چیرۆك |
| ٩٢ | کوردستان لە سەردەمی ئاشتیدا | د.ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر | محەمەد نوری تۆفیق | مێژوویی |
| ٩٣ | خەونە ترسناکەکانی یوسف | بەرزان فەرەج | | |
| ٩٤ | سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا | | شوان ئەحمەد | وتار |
| ٩٥ | عێلی جاوان | مستەفا جەواد | مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی | لێکۆڵینەوە |
| ٩٦ | هێماگەرێتی | پێشرەو حسێن | | لێکۆڵینەوە |
| ٩٧ | دەروازە | هەڵکەوت عەبدوڵا | | وتار |
| ٩٨ | زۆربا | نیکۆس کانتزاکیس | رەوف بێگەرد | رۆمان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩٩ | بینای هونەری چیرۆکی کوردی | پەرێز سابیر محەمەد | | تێزی ماستەر |
| ١٠٠ | دەرۆم پێکەنینی دەریا بیینم | سەلاح گوڵ ئەندامی | | ئەدەبی |
| ١٠١ | بزوتنەوەی روانگە و شیعری نوێی کوردی | شادمان قادر حەسەن | | لێکۆڵینەوە |
| ١٠٢ | چیرۆکی ولاتە دورەکان | حەمە رەشید | | چیرۆك |
| ١٠٣ | زمان و زانستی زمان | د. محەمەد | | زمانەوانی |
| ١٠٤ | چەند شانۆنامەیەك بۆ منالان | فاروق هۆمەر | | شانۆیی |
| ١٠٥ | شانۆگەریەکانی سلێمانی لە سالانی ١٩٢٦-١٩٦١دا | یاسین قادر بەرزنجی | | شانۆ |
| ١٠٦ | گۆڤاری (دیاری کوردستان) | ئا. رەفیق سالح | | رۆژنامەوانی |
| ١٠٧ | وا بەهار هات | حاجی جوندی | جەلال دەباغ | چیرۆك |
| ١٠٨ | لەگەڵ عەقلی خۆرئاوادا | ئازاد بەرزنجی | | فیکر |
| ١٠٩ | زەردەشت وای گوت | فریدریك نیچە | رەوفی ئەحمەد ئالانی | فەلسەفە |
| ١١٠ | پیاوە سپیەکە | خەبات عاف | | چیرۆك |
| ١١١ | دەفتەری شیری | لەیلان سەعدەدین | مهاباد سالح | چیرۆك |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١١٢ | بنەماکانیفسیۆلۆژی مرۆڤ | ئەکرەم قەراغی | | زانستی |
| ١١٣ | وانەی ئەم سەدەیە | کارل پۆپەر | شۆڕش جوانرۆیی | فەلسەفە |
| ١١٤ | کوردەکان | حەسەن ئەرفەع | سەردار محەمەد | مێژوویی |
| ١١٥ | گەوهەری دێوانە | محەمەد ساڵح سەعید | | ئەفسنە |
| ١١٦ | ئالآی کورد | هاوڕێ باخەوان | | مێژوویی |
| ١١٧ | شازاد ئیحتجاب | هۆشەنگ گوڵشیری | عەتا نەهایی | رۆمان |
| ١١٨ | نزا بۆ ئارمێن | ئیبراهیم یونس | ئاوات | رۆمان |
| ١١٩ | سترینبێری سۆناتایی تارمایی | دانا رەوف | | هونەر |
| ١٢٠ | لیریکاری شاعیری گەورەی کورد مەولەوی١٨٠٦-١٨٨٢ | ئەنوەر قادر محەمەد | | تێزی ماستەر |
| ١٢١ | دەروازەکانی ئاین لەنێوان زەوی و ئاسماندا | مەریوان ئەبوبەکر هەڵەبجەیی | | لێکۆڵینەوە |
| ١٢٢ | باڵە سیاسیەکان لە ئێرانی ئەمڕۆدا | حوجەت مورتەجایی | محەمەد کەریم | مێژوی سیاسی |
| ١٢٣ | جەمهوریەتی کوردستان | مەحمودی مەلا عزەت | | دۆکیومێنتاری |
| ١٢٤ | ئەزموون | یاسین عومەر | | |
| ١٢٥ | خاڵی بروسك | جاك هیگگینز | لوقمان | رۆمان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | عەباس | |
| ١٢٦ | داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرەیەکەوە | ڕۆشنا ئەحمەد | | لێکۆڵینەوە |
| ١٢٧ | سەرەتایەك بۆ ڕۆژنامەنووسی | مەم بورهان قانع | | ڕۆژنامەوانی |
| ١٢٨ | گەڕان بەدوای ناسنامەدا | عەتا قەرەداغی | | ئەدەبی |
| ١٢٩ | ژیان و جیهانبینی | مەسعود محەمەد | ئا. هەڵۆ بەرزنجی | چاوپێکەوتن |
| ١٣٠ | کەوتنە خوارەوەی گورگێك | ئیسماعیل حەمەئەمین | | ڕۆمان |
| ١٣١ | ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا | جەلال محمود عەلی | | ئیدیۆم |
| ١٣٢ | دوو لێکۆڵینەوەی سیاسی | حیلمی عەلی شەریف | | سیاسی |
| ١٣٣ | چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی | نەوشیروان مستەفا ئەمین | | ڕۆژنامەوانی |
| ١٣٤ | فەلسەفەی هیگڵ | د. محەمەد کەمال | | لێکۆڵینەوە |
| ١٣٥ | هۆشیاری مێژوویی | فوئاد تاهیر سادق | | مێژوویی |
| ١٣٦ | پەڕ | سەلیم بەرەکات | جەوهەر کرمانج | ڕۆمان |
| ١٣٧ | پەیبردن بەژیان پەیبردن بەبوون | عەبدولموتەلیب عەبدولا | | لێکۆڵینەوە |
| ١٣٨ | گفتوگۆ لەگەڵ ئەدۆنیسدا | نەوزاد ئەحمەد | | ئەدەب |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣٩ | فەرهەنگی شیرین | فازڵ نیزامەدین | | فەرهەنگ |
| ١٤٠ | بزربوونی ناوێك | دڵشاد عەبدوڵا | | دەقی شیعری |
| ١٤١ | هارون و چیرۆکی دەریا | سەلمان روشدی | ئامانج عەزیز کەندی | رۆمان |
| ١٤٢ | کارەکەر | گەلاوێژ | | رۆمان |
| ١٤٣ | ژنی کورد لە دەروازەی هەزارەی سێهەمدا | کازیوە ساڵح | | چیرۆك |
| ١٤٤ | هونەری بێژەری لە رادیۆ و تەلەفزیۆندا | حەسەنی شەیدا | باست حەمە غەریب | رۆژنامەوانی |
| ١٤٥ | چارەنووسی گەلی کورد لە کۆنگرە و... | ئەحمەد باوەڕ | | لێکۆڵینەوە |
| ١٤٦ | پرۆگرامی مایکرۆسۆفت ئۆفیس | شوان مستەفا عیسا | | زانستی |
| ١٤٧ | زاکیرەی با | ئەحمەد مەلا | | بیرەوەری |
| ١٤٨ | قوربانی | کۆرتز یۆمالاپارتێ | ئەبوبەکر خۆشناو | رۆمان |
| ١٤٩ | فەرهەنگی شیرین (بەرگی دووەم) | فازڵ نیزامەدین | | فەرهەنگ |
| ١٥٠ | خۆم ئەو وەختەی باڵندەم | شێرکۆ بێکەس | | شیعر |
| ١٥١ | دەروازە (دەفتەری دووەم) | هەڵکەوت عەبدوڵا | | وتار |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥٢ | ژنێ لەبەردەم وەرزێکی ساردا | ئازاد بەرزنجی | | لێکۆڵینەوە |
| ١٥٣ | ژیان | ئا. رەفیق ساڵح | | رۆژنامەوانی |
| ١٥٤ | فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی | بەختیار سەجادی | | فەرهەنگ |
| ١٥٥ | یاداشتەکانی مەئمون بەگ | سەلاح نەقشبەندی | محەمەد مەحمودی | بیرەوەری |
| ١٥٦ | هەڵبژاردەیەك لە گۆرانی فۆلکلۆری | ئا. فاروق حەفید | | فۆلکلۆری |
| ١٥٧ | پێوەندی مەسەلەی کورد بەیاسا | | د. مارف عومەر گوڵ | یاساناسی |
| ١٥٨ | جیهانی سۆفیا | یۆستاین گاردەر | بەهرۆز حەسەن | رۆمان |
| ١٥٩ | مێژووی شاری هەولێر | یوسف ئەحمەد دەۆگەڵەیی | | مێژوویی |
| ١٦٠ | ئازادکردنی مێژوو | مهاباد قەرەداغی | | لێکۆڵینەوە |
| ١٦١ | نووسینەکانم لەبواری رەخنەولێکۆڵینەوە | حسێن عارف | | رەخنە |
| ١٦٢ | مێژووی ٦٤١ ساڵەی فەرمانرەوایی ئەردەلانیەکان | عەلی نەقی ئەلحسینی | ئاسۆس هەردی | مێژوویی |
| ١٦٣ | ناودارانی کورد | میر بەسری | عەبدولخالق عەلائەدین | ئنسایکلۆپیدیا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦٤ | بۆ نەتەوەکانی بگێرنەوە | ستیڤن برۆکفیلد – پۆل ئەی.لیڤن | ئیبراهیم خ. ئەحمەد | لێکۆڵینەوە |
| ١٦٥ | کورد و کەرکوک | لەتیف فاتح فەرەج | | مێژوویی |
| ١٦٦ | نەژادی کورد اه لوبنان | خەلیل محەمەد شەڵماشی | | تێزی ماستەر |
| ١٦٧ | ژەنەراڵ شەریف پاشا | د. فەهاد پیرباڵ | | مێژوویی |
| ١٦٨ | خوێندنەوەی کتێب | جەبار محەمەد غەریب | | رانان |
| ١٦٩ | مەکتوب | پاولۆ کۆیلۆ | یاسین عومەر | رۆمان |
| ١٧٠ | کەڵە ئەدیبانی بیانی | کەمال مەعروف | | ئنسایکلۆپید یا |
| ١٧١ | وەسمیە لە دەریا دێتە دەرێ | لەیلا ئەلعوسمان | شیرین ك | رۆمان |
| ١٧٢ | جیۆگرافیای (ئابوری_دانیشتوا ن) | عدنان ئەسەید حسێن | فەرمان عەبولرەحما ن ــ محەمەد فاتح | جیۆئابوری |
| ١٧٣ | سوپەر سروشت | لیاڵ واتسۆن | ئارام قەرەداغی | سۆپەر سرۆشت |
| ١٧٤ | سیاسەتی دیبلۆماسی | جیمس بیکەر | سەهەند | بیرەوەری |
| ١٧٥ | پارکی بۆقەکان | ئاکۆ کەریم مەعروف | | چیرۆك |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٧٦ | تیۆری دەوڵەت | بەهادین ئەحمەد محەمەد | | یاساناسی |
| ١٧٧ | سەمای مەرگ | بوزورگی عەلەوی | ڕێباز مستەفا | ڕۆمان |
| ١٧٨ | چارەسەر بە قەرسیلی گەنم | د. ئان وێنگمۆر | تۆفیق سەعید | پزیشکی رووەکی |
| ١٧٩ | رۆژنامەنووسی لەسەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان | د. هیمدادی حسێن | | تێزی دکتۆرا |
| ١٨٠ | کێشەی بوون لەمێژووی فەلسەفەدا | د. مجحەمەد کەمال | | فەلسەفە |
| ١٨١ | مێژووی سینەما | گیتا گرگانی | ستار کەریم | هونەر |
| ١٨٢ | کوردستان کۆلۆنیالیەکی نێو دەوڵەتی | ئیسماعیل بێشکچی | حەمە رەشید | لێکۆڵینەوە |
| ١٨٣ | سلێمانی شارە گەشاوەکەم – ٤ | جەمال بابان | | لێکۆڵینەوە |
| ١٨٤ | هۆشبەرەکان | ئەبوبەکر قادر کەریم | | زانستی |
| ١٨٥ | ئیمبراتۆری لم | رەفیق سابیر | | لێکۆڵینەوە |
| ١٨٦ | کاروانسەراکانی رۆژهەلآت | د. کارل میولەر | عەبدولموئمین دەشتی | لێکۆڵینەوە |
| ١٨٧ | فەرهەنگی جوگرافیایی کوردستان | عەبدولا غەفور | | فەرهەنگ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٨٨ | مێژووی ئاینی زەردەشت | عەبدولا موبلغی | وریا قانع | لێکۆڵینەوەی ئاینی |
| ١٨٩ | حەوت ڕۆژ لەگەڵ قەرەداغیدا | فایەق سەعید | | چاوپێکەوتن |
| ١٩٠ | مێژووی کڵێسای کوردی لە . . . | ئارام داود | | مێژوویی |
| ١٩١ | بەرجەستەکردن لە شێوازەکانی. . . | سیروان رەحیم | | |
| ١٩٢ | تاوانبار و سزا | سابیر بەکر بۆکانی | | دەروونناسی |
| ١٩٣ | رۆژنامەوانی لە سەردەمی جیهانگیریدا | مەڤاڵ ئەبوبەکر | | رۆژنامەگەری |
| ١٩٤ | گەڕان بەدوای بووندا | عەتا قەرەداغی | | لێکۆڵینەوە |
| ١٩٥ | نەریتی وتاربێژی | دەیل کارنێگی | ناسح سەلام | رۆژنامەوانی |
| ١٩٦ | دوو شانۆگەری | فرناندۆ ئاراپاڵ– یۆژین ئیۆنیسکۆ | هەورامان وریا قانع | شانۆیی |
| ١٩٧ | وێنەی شیعر لە رێبازی رۆمانسی کوردیدا | عەبدولقادر محەمەد ئەمین | | لێکۆڵینەوە |
| ١٩٨ | هونەری ئەوروپی سەدەکانی ناوەراست و رێنسانس | وەهبی رەسوڵ | | هونەری |
| ١٩٩ | مەملەکەتی تیشکەکان | جەلیل قەیسی | نەوزاد ئەحمەد | چیرۆك |
| ٢٠٠ | قەلەرەش و | | شێرزاد | شیعر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زەنگەکان (گوڵبژێرێك لە شیعری بیانی) | | حەسەن | |
| ٢٠١ | پێکەنین و بیرچوونەوە | ئاوات ئەحمەد | | لێکۆڵینەوە |
| ٢٠٢ | هەوڵێك بۆ کوشتنی کات | دڵشاد عەبدوڵا | | شیعر |
| ٢٠٣ | پاییزە میوان | شێرکۆ بێکەس | | شیعر |
| ٢٠٤ | پەیامێك بۆ ئەو کۆرپەیەی کە هەر لەدایك نەبووە | ئۆریانا ڤالاچی | شاهۆ حەسەن پور | چیرۆك |
| ٢٠٥ | تیۆری رۆمان | محەمەد کەریم | | لێکۆڵینەوە |
| ٢٠٦ | دەوڵەت وکێشە نێودەوڵەتیەکان | د. عەبدوڵا عەتەوی | جەزا تۆفیق | یاساناسی |
| ٢٠٧ | ئاهەنگی ماڵئاوایی | میلان کۆندێرا | رەوف بێگەرد | رۆمان |
| ٢٠٨ | چاوەکانی | بوزورگی عەلەوی | ئازاد بەرزنجی | رۆمان |
| ٢٠٩ | فەلسەفە. رۆشنگەری. فێندەمێنتالیزم | هاشم ساڵح | شوان ئەحمەد | وتار |
| ٢١٠ | پیرەمێرد و زەریا | ئێرنست هەمەنگوای | شێرکۆ بێکەس | رۆمان |
| ٢١١ | زمان، رامان و ناسنامە | مهاباد قەرەداغی | | وتار |
| ٢١٢ | کلتور و ناسیۆنالیزم | رەفیق سابیر | | لێکۆڵینەوە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١٣ | فرۆشراو | زانا موهسین | زاگرۆس زەردەشتی | رۆمان |
| ٢١٤ | داهێنان و مەرگ | سەلاّح حەسەن پاڵەوان | | فەلسەفە |

### ٢,٤,٣ زنجیرەی کتێبی گیرفان :

| ژ. | ناوی نامیلکە | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ | بوار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ژن لە شیعر و ژیانی مندا | نزار قەبانی | جەمال غەمبار | ئەدەب |
| ٢ | نیچە | قۆڵ ستراتێرن | ئازاد بەرزنجی | فەلسەفە |
| ٣ | سوڕی مانگانەی ژن | مارتن لۆدڤیك | ئەکرەم قەرەداغی | زانستی |
| ٤ | دیکارت | پۆڵ ستراتێرن | رەئوف بێگەرد | فەلسەفە |
| ٥ | بیری ئاینی کۆن لە میزۆپۆتامیادا | د. تەقی دەباغ | یاسین عومەر | فیکری |
| ٦ | رێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی | دیاینی دەجزئیبرامز | عەتا قەرەداغی | ئەدەبی |
| ٧ | ئاین و کەسایەتی | ل. پاڵس | ئاوات ئەحمەد | ئاینی |
| ٨ | هەشتنامە | گۆنتەر گراس– گینزابۆرۆئۆ | شۆڕش جوانرۆیی | ئەدەبی نامە |
| ٩ | ئانارشیزم | د. مستەفای رەحیمی | رێباز مستەفا | فەلسەفە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | کۆمــــــــــــارە کوردیەکەی مهاباد | ئارچی رۆزفیلد | ئــــــەکرەم قەرەداغی | مێژوویی |
| ١١ | دەربـــــــــارەی دیــــــــالێکتیکی رۆشنگەری | موراد فەرهاد پور | بــــــەختیار سەجادی | فیکری |
| ١٢ | پۆزش | ئەفلاتون | ئـــــــاوات ئەحمەد | دەقــــــــی فەلسەفی |
| ١٣ | ئاوارە بوونی هزرە تۆباویەکان | ئایزایا بەرلین | کامیــــــــل محەمەد | فەلسەفە |
| ١٤ | نیگارکێــشان لــە سەدەی بیستەمدا | شمیدت دیجبینەر | وەهبــــــــی رەسوڵ | هونەری |
| ١٥ | چامەی پەخشان | سۆزان بیرنار | ســــــــەلاح محەمەد | ئەدەبی |
| ١٦ | ئــاین علمانیــەت فێندەمێنتالیزم | محەمەد ئەرەگۆن | شـــــــوان ئەحمەد | چاوپێکەوتن |
| ١٧ | سارتەر | پۆڵ ستراتێرن | ئـــــــازاد بەرزنجی | فەلسەفە |
| ١٨ | چـۆن دەبیـت بـە باشــترین هــاوڕێی خۆت | میلدریـد نیومـان- بێرنارد بێرکۆتس | شـــــێرزاد حەسەن | دەروونناسی |
| ١٩ | کـــورد و زمـــانی کوردی | تەوفیق وەهبی | عـــــــەزیز گەردی | زمانناسی |
| ٢٠ | ئنتــۆنین ئــارتۆ و شــــــــانۆیی توندوتیژی | جەلال ستاری | پێـــــشرەو حسێن | شانۆیی |
| ٢١ | پاسکاڵ | ئاندێ کریسۆن | سامان عەلی | فەلسەفە |
| ٢٢ | کافکا | سادقی هیدایـەت- | محەمــــەد | فیکر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | یوسف حاجی میرزایی | کەریم | |
| ٢٣ | لەنێوان بلیمەتی وشێتیدا | هاشم ساڵح | نەوزاد ئەحمەد | فەلسەفە |
| ٢٤ | مرۆڤ لە روانگەی فرۆیدەوە | قاسم حسێن ساڵح | عەبدولموتەلیب عەبدوڵا | فەلسەفە |
| ٢٥ | جیهانی ئیمپریشێنیزم | هانز خافیٚ | حەمەی ئەحمەد- ئیسماعیل حەمە | فەلسەفە |
| ٢٦ | لە (نیۆرك)ەوە تا (کابوڵ) | یوسف ئەبازەری- موراد فەرهاد پور | مەنسور تەیفوری- فەرهاد ئەمین پور | سیاسی |
| ٢٧ | مۆدێرنە و راسیزم | جۆرج تەرابیشی | شوان شەحمەد | فیکری |
| ٢٨ | پاش بونیادگەری | تێری ئیگلتۆن | سەلاح حەسەن | فیکری |
| ٢٩ | فەلسەفەی خۆراوایی | | ئاوات ئەحمەد | فەلسەفی |

٣,٤,٣: زنجیرەی کتێبی منداڵ :

## دەزگا چاپەمەنیەکانی شار

| ز. | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ |
|---|---|---|---|
| ١ | مانگاسور دیلانێ دەکات | یۆیا و تۆماس ڤڤیەسلاندەر | خەبات عارف |
| ٢ | مریشکە سورە | رۆن پ. راندڵ | کانی عەبدوڵا |
| ٣ | ئۆریان | لاش کلینتینگ | سیروان کاروانی |
| ٤ | کچە شازادەی نووستوو | د. ئەلبێرت موتڵەق | قادر میرخان |
| ٥ | پشە زەردە | ؟؟؟؟ | |
| ٦ | بەسەرهاتەکانی پورە خنجیل | ئاڵف پرویسن | یاسین عومەر |
| ٧ | پەپولە سپیەکان | کازو کۆتاکیدا | دلاوەر قەرەداغی |
| ٨ | ئەلبومی کیژی جنۆکان | ژان لووف | رێبوار سیوەیلی |
| ٩ | بولبول و پاشا | هانس کریستیان ئەندرسن | کاروان عومەر کاکەسور |
| ١٠ | دوو کلووە بەفر | هیوا قادر | |
| ١١ | پەیوەندی | سۆزان لۆڤیلکی | زەنوێر |
| ١٢ | سێوە هەتا (دە) ئەژمێرێ | لجینه الاصیل | عوسمان شەیدا |
| ١٣ | کیژە بچکۆلە | | هەوار شەریف |
| ١٤ | بەفرین | | هۆزان هیوا سدیق |
| ١٥ | کتێبی رەنگکردن و چالاکی | | |
| ١٦ | هاتنەخوارەوەی فریشتەکان | کۆلین تۆمبسۆن | جەبار جەمال غەریب |
| ١٧ | کوکوختیە بزێوەکە | شێرکۆ بێکەس | |

## بەشی چوارەم :

## ٤. ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک

٤,١ بیرۆکەی دامەزراندنی :

"وەك رەنگ حەزم لە هەموو رەنگێکە، رۆژێکیان بە قاتێکی زەردەوە سەیارەشم دەست نەکەوت بە تەکسیەکەی مام رەحمان قەشقە چووم بۆ پەرلەمان، زۆرم لا سەیر بوو لە بەر دەرگاکەوە بووم بە جێی سەرنج تا ناو هۆڵی پەرلەملن پێشتریش دایکێك پێی وتبووم منالەکەم ئەلێ گوڵە زەردەکانی کراسەکەم لێکەرەوە، دایکێکی کە پێی وتبووم کچەکەم رەنگی سەوز لە هەر جلێکا بێ لەبەری ناکا، بیرم لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی دەکردەوە کە رەنگەکانمان لا بکاتەوە بە رەنگی خودا..."[T] ئەمە وتەی سەرپەرشتیاری گشتی ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاکە و کە سەرەتای دروست بوونی ئەم دەزگایە دەگێڕتەوەو بۆ ئەوەی کە لە کوردستانێکی بە حزب چێنراودا ئەمان کۆشاون کە دەزگایەك هەڵسێننە سەرپێ کە لەسەر پشتی حزب نەوەستابێت و چەمك و دۆزەکان لەروانگەی حزبەوە تاوتوێ نەکات و لە پەنجەرەیەکی ئازادەوە، فرە رەهەندەوە، فرە دەنگەوە، جیاوازی سیما و رەنگ و ستایلەوە باس لە شتەکان و چەمکەکان بکات. لەدرێژەی وتەکەیدا باس لەوە دەکات کە موفرەدەی ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك ،کە بوەتە تایتڵی دەزگاکە، هەر لەو سەرچاوەیەوە بووە کە با سەدا و سیمایەك ناو بنێین کە هەر لە خاکی کوردستاندا یەك بگرێتوە و حزب و لایەن بە هێند وەرنەگیرێ.

[T] ئەم وتەیە لە (لە ماڵێکی خاکیدا)وە وەرگیراوە کە لە ئازاری ٢٠٠٣دا ناوەندی ناوبراو بلاّویکردوەتەوە.

ناوەنـدی خـاك وەك پەیکـەری کـارگێڕی خۆیـان دابـەش دەبێـت بەسەر ئەم بەشانەدا: (ئیدارە، بەرنامەکان، ئەرشیف و تەنسیق، منالآن و دۆبـلاژی فـیلم کـارتۆن، بەرنامـەی بەرنامـە، تێکـستی خـاك، مۆنتـاژ و ستۆدیۆی پەخش، دراما، هەواڵی وەرزشی، سەتەلایت، دیکۆر و رووناکی، پەیوەندیـەکان، سـتۆدیۆی دەنـگ، پـەخش وتـەکنیك، چـاپەمەنی خـاك، گۆڤاری خاك، گۆڤـاری سـیخورمە، کۆمپیوتـەری ناوەنـدی سـایتی خـاك، ئەرشیفی چاپەمەنیەکان، پرشگە و مێلگۆرکێ، کافتریا و خزمەتگوزاری و کارەبا).

بەلأم ئێمە بەپێی میتۆدی لێکۆڵینەوەکـەمان رێگەیـەکی مەیـدانی ئەگرینەبەر و بەگوێرەی بواری تایبەتی توێژینەوەکەمان بـە پلـەی یەکـەم گرنگی بە نووسراو ئەدەین پاشان بەپلەی دووەم بینراو، ئێمە پاش ئەوەی رۆژی ٢٠٠٣/٠٣/٠٥ چـــاومان بـــە هەمووبەشـــەکان و زۆربـــەی سەرپەرشتیارەکانی کەوت، لەم روانگەیەوە پەیکەری ناسـاندنی دەزگاکـە بەم شێوەیە دابەش دەکەینەوە:

- خودی ناوەندەکە
- گۆڤاری خاك
- گۆڤاری سیخورمە
- کتێبە بلأوکراوەکان
- تەلەفزیۆنی خاك

٢,٤ خودی ناوەند :

ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاك کە پێگەکەی خوار پـارکی ئازادیە ١٩٩٧/٠٣/٠١ دامەزراوە، سەرپەرشـتیاری گـشتی هێـرۆ ئیـبراهیم ئەحمـەدە، یەکـەمین بەرێوەبـەری خـەلأت عومـەرە و ئێـستا پۆسـتی بەرێوەبەر نـەماوە، کـۆی گـشتی کارمەنـدەکانی ٦٩ کارمەنـدە کـە لـەم

ڕێژەیە ٦٠ یان نێر و ٩یان مێن، سەرچاوەی مادی دەزگاکەش داهاتی پرۆژەکانی منداڵپارێزی کوردستانە، چاپخانەکەشیان ئۆفسێتێکی بچوکە و ئەگەر بەرگ و بڵاوکراوەی گەورەتریشیان هەبێت لە چاپخانەی دلێر چاپی دەکەن، ژمارەی مۆڵەتی ١٠١ی ٣١/١٠/١٩٩٨ی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێدراوە. سنوری بڵاوبوونەوەی چاپەمەنیەکانی بەگوێرەی وتەی (ئیسماعیل محەمەد) ژمێریاری ناوەند هەرێمی کوردستان و کوردستانی ڕۆژهەڵات وسوریا و چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپی –ئەم پرۆسەیە لە ڕێگای کەسایەتی تایبەتیەوە ئەنجام دەدرێت نەك ڕەسمی.

ناوەندی ناوبراو پێش دامەزراندنی ریفراندۆمێکی لەناو خەڵکدا کردوە و پاشان دەستەیەکی راوێژکاری بۆ ناوەندەکە داناوە، یەکێك لە کارە گرنگەکانی ئەم ناوەندە دەرکردنی هەردوو گۆڤاری (خاك) و (سیخورمە)یە بەشێوەیەکی بەردەوام..

٣,٤ گۆڤارەکانی ناوەند :

١,٣,٤ گۆڤاری خاك:

گۆڤاری خاك گۆڤارێکی مانگانەی هەمەرەنگە گرنگی دەدات بە بوارەکانی خێزان و هەموو ئەو بابەتانەی کە لە خێزانەوە بۆ خێزان نووسراون یان وەرگێڕاون لە ڕەهەندەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و مێژوویی و منداڵان و ژنان و ئەدەبی وەرزش و خۆراکزانی و دەروونناسی و...هتد.

"کاتێك لە مانگی پێنجی ١٩٩٧ بیرمان لە دەرکردنی گۆڤارێك کردەوە سەبارەت بە خێزان و بۆ خێزان هۆکارەکەی ئەوە بوو لەو دەمەدا گۆڤار و شتی پێویست لەبارەی خێزانەوە زۆر کەم یان هەر نەدەهاتە کوردستانەوە بەهۆی ئابلۆقەی ئابووری و ڕۆشنبیری سەر وڵاتەکەمان، ئێمە بە تەرجەمە دەستمان پێکرد، گۆڤارەکە گۆڤاری تەلەفزیۆنی خاك

بوو بەو واتایەی بەرنامەکانی مانگێکی پێشوەختمان بەتەواوی برگە و بابەتەوە دەخستەروو"[T]

خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری ناوبراو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدە، پۆستی سەرنووسەری سەرەتا نەبووە بەڵام پاشان کە دانراوە باست حەمە غەریب بووە، پۆستی بەڕێوەبەری نووسینیش کە ئێستا نیە سەرەتا زاهیر سدیق بەڕێوەی بردوە، لە خاکدا دەستەی نووسەران نیە بەڵکو ستافێك هەیە تەواوی کاروبارەکانی خاك بەڕێوە دەبات کە ئەمانەن: (ئاکۆ غەریب، دڵشاد مستەفا، ئاوات عەبدولا، مەلا بەهادین،شەپۆل فاخر مێرگەسوری، شەهلا مەحمود، هێمن رەفیق)، ئەم گۆڤارە بە ستایلی (□□ی جەمالی) و سەرەتا بێجگە لە بەرگی دەرەوە جوت لاپەڕەی نێوەندیش رەنگین بوو بەڵام هەنوکە تەنها بەرگ هەمەڕەنگە و لاپەڕەکانی دی رەشوسپین و لە دوو توێی ٦٥-٧٤ لاپەڕەدایە و زمانی پێشکەش کردنی بابەتەکانیش زمانی کوردیە. تیراژی ژمارە یەکی خاك ٣٠٠٠ نوسخە بووە بەڵام دواژمارەی ٢٠٠٢ی ٦٠٠٠نوسخەی لێ چاپکراوە. رێژەی فرۆشراو ٨٠٪ و رێژەی دیاری ١٠٪. یەکەم ژمارەی لە ١٩٩٧/٠٦/١٠دا دەرچووە و نوێترین ژمارەی کە ژمارە ٦٦ە لە ٢٠٠٢/١٢/١٠دا دەرچووە. نرخی گۆڤارەکە ،پاش ئەوەی چەند جاریك کەم کرایەوە، ئێستا پێنج دینارە. دیزاین و تایپ و فەرزی کۆمپیوتەری خاك شەش کارمەند کاری تێدا دەکەن.

### ٢,٣,٤ گۆڤاری سیخورمە :

سیخورمە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی سیاسی کاریکاتێریە، سەرەتا بە دوو مانگ جارێك ٨٠ ژمارەی لێدەرچووە و پاشان بووە بە

[T] ٢٠٠٣/٠٣/٠٥ زاهیر سدیق بەڕێوەبەری هونەری خاك.

مانگانەیەکی گشتی و لەدوو توێی ١٦ لەپەڕەدا بڵاو دەبێتەوە و تا هەنوکە ١١٠ ژمارەی لێدەرچووە. مەسئولی بەر و بەحر ئاراس شێخ جەنگی و باشکاتبی د.شێرکۆ عەبدولاّ و ترو تفاقی ڕەسمەکان ئاکۆ غەریبە، مدیری پلێت و شت ئەمیر بەکر قەساب و کارزان محەمەد ڕەمزییە.

بەڕێوەبەری هونەری (ئاکۆ غەریب) بەم شێوەیە حیکایەتی سیخورمەی بۆ گێڕاینەوە: "لە ١٩٨٨ەوە مقەرمان چووە بۆ سەقز لەوێ واتە لە ئێران دەمانبینی کە چەندین ساڵە دوو تەکەتول (خورجین) و (گولّ ئاغا) بە بەردەوامی باشترین کاریکاتێریان دەخستە بازاڕەوە، ئێمە زۆر موعجیبی ئەو دوو گۆڤارە بووین، هەروەها لە ئەرمەنستان گۆڤاری (هەنگ) دەردەچوو کە هەرگیز سەرنووسەرەکەی نەگیراوە بەهۆی ئەو ئیحراج کردنەوە کە دەربارەی مەسئولەکان دەیکرد، لە سەقز گۆڤاری (ڕەنگاڵە)مان دەرکرد لە ١٩٨٩ و ١٩٩٠دا کە ئەو کاتە بەناوی یەکێتی هونەرمەندانەوە بڵاوبوویەوە، هەر لەو سەردەمەوە ئێمە تموحی دەرکردنی گۆڤارێکی کاریکاتێریمان تێدا هەبوو، د.شێرکۆ لەلایەکەوە محاوەلەی دەکرد دوایی یەکمان گرت و لەگەڵ کاک نەوشیروان قسەمان کرد بەڵام فەشەلی هێنا، هێرۆ خان وتی من گۆڤاری (تۆفیق)م لە ١٩٦٠دا بینیوە، وتی پێم باشە ئەو کاتە من و د.شێرکۆ و محەمەد فەتاحی بانگ کرد و ئیتر لە ١٩٩٧/٠٢/٠١ەوە دەست بەکار بووین لەژێر ناوی حەرەکە (جوڵە)یەکی تەنز ئامێزدا کە ئەویش (سیخورمە)یە" بەو شێوەیە لە ١٩٩٧/٠٢/٠١ەوە ژمارە یەکی سیخورمە لە بەرگێکی قەشەنگ و بە قەوارەی A4 و ناوبەندێکی هەمەڕەنگ کەوتە بەر دیدەی خوێنەران. بوارەکانی لێدوانی ئەم گۆڤارە (کۆمەڵایەتی، سیاسی)یە بەشێوەیەکی جیا لە هەر گۆڤارێکی پێشینەی کوردی ئەویش بەهۆی ئەو شێوازە سەتیر ئامێزەی کە خۆی لە چەندین

وێنە و بابەت و دایەلۆگ و مەقالەی کورتی کاریکاتێری و تەنز ئامێزدا دەبینێتەوە. تەواوی بابەتەکانی دابەش دەبن بەسەر جۆرەکانی رەخنەدا چ لە بواری کۆمەڵایەتی و چ لە بواری سیاسیدا.

نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە پێکنەهاتوون لە چەند نووسەرێکی دیاریکراو کە هەر بابەتێکی ،هەر لە ناوەڕۆك و شێواز و دارشتن و وێنەوە، یەك کەس پێی هەستێت" بەڵکو زۆربەی بابەتەکان لەرێگای چەندین کەسی جیاوازەوە و لە شوێنە دور و نزیکەکانی کوردستانەوە وەك کاری پەیامنێری ناوەڕۆکەکان کۆدەکەنەوە و رەوانەی لای باشکاتبی دەکەن و پاشان لە نووسینگەی سیخورمەوە هەر ناوەڕۆکێك یان هەر بیرۆکەیەك ستایلێکی بۆ دیاری دەکرێت و بەناوێکی کاریکاتێرییەوە بلأودەکرێتەوە، ناوەکان وەك (پرۆفیسۆر بەشیر–کە لە خۆشەویستی بەشیر موشیری قسەخۆشەوە وەرگیراوە، فیرنە گولە، ئامە بازاڕی، بەتلیمۆس....هتد)، بابەتەکانیش وەك (هەلەو گیان، فەرق لە مەعبێن، بەدوای هەواڵەکانا، پەندون عاجیل، عەقڵی جاران، خرتکە و پرتکە، تەنزیلات، جۆرەکانی ...، تەفسیری شیعر، قسەی پیاوە گەورەکان بە فۆنتی بچکۆلە، بم بم هەلاجی، بیرە وەریوەکانم، هەقایەتی کۆن، بێکەڵکترین مەعلومات، دنیای کاریکاتێر، کتێب وا ئەفەرموێ، پەندی پاشینان......هتد).

هەندێك جاریش بابەتیان لە ئینتەرنێت یان لە گۆڤارە فارسی و عەرەبیەکانەوە وەرگرتووە بەتایبەت گۆشەی (لە ئینتەرنێتەوە) راستەوخۆ لە ئینگلیزیەوە بە کەمێك دەستکارییەوە تەرجەمە و بلأودەکرێتەوە، هەندێك لە وێنەکانیش ناوەڕۆکەکەیان لە مانشێت و ئیدیۆمی رۆژنامە و گۆڤارەکانەوە وەردەگیرێت.

لەلایەن خەڵکی رۆشنبیر و زمانزانەوە رەخنەی ئەوەیان لێدەگیرێت کەزۆر سوودیان لە بەرهەم و بابەتی (گوڵئاغا) و (خورجین) و

(تۆفیق) و ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی وەرگرتووە بەلاْم ئێمە کە ئەو رەخنەیەمان ئاراستە کردن ئەوان بەوە وەلاْمیان دایەوەکە "ئێمە دژی ئەدەبی یان هونەریمان نەکردووە بەڵکو بڕوامان وایە هیچ رۆژنامە و گۆڤارێك نیە لە دنیادا کە کاریگەری پێش خۆیی لەسەر نەبێت." ئێمەش وای بۆ دەچین لەبەرئەوەی لە مێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا هەنگاوێکی لەم چەشنەمان نەبووە و بابەت و نوکتە و گاڵتە و گەپەکانی نێو ژیانی کوردەواری قۆزراونەتەوە و لەلای ئەوان (فارس و عەرەب و تورك) بوون بە ئەدەبی نووسراو، عەلائەدینی سوجادیش لە پێشەکی بەرگی هەشتەمی رشتەی مرواریدا ئەم رایەی هەیە و پێی وایە ئەوان دژی ئەدەبیان لە ئێمە کردووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە وەکو رۆژنامە یان گۆڤاری تایبەت بە کاریکاتێر و تەنزمان نەبووە مانای وایە بابەتی تەنز و سەتیریشمان نەبووە" بەڵکو فایەق بێکەسی شاعیر بۆخۆی خاوەنی خەرمانێکە لە قسەی خۆش و نوکتەی بەبڕشت و لە گۆشەکەی خۆیدا بەناوی (سەتیر) مانگانە بلاْوی کردوەتەوە، هەروەها خاڵە رەجەبی رەحمەتی کە خاوەنی (ترش و شیرین) بووە و تائێستاش نوکتە و قسە خۆشەکانی لەسەر زمانی خەڵك ماوەن، یاخود پیرەمێردی رۆژنامەنووس هەروەك خاوەنی هەردوو رۆژنامەی (ژین و ژیان) بووە، خاوەنی کتێبی گاڵتە و گەپی پیرەمێردیش بووە سەرەڕای ئەوەش کە عەلائەدین سوجادی رەحمەتی خاوەنی هەشت بەرگ لە رشتەی مرواری بووە کە لێوانلێوە لە قسە و بەسەرهاتی خۆش و تەنزئامێزی واقعی نێو ژیانی کوردەواری.

ئەوانەی کە وەك کارمەند لەم گۆڤارەدا کاردەکەن ١٥ کەسن لەگەڵ بوونی ١٠ کەسی رت کە کارمەند نین بەڵکو لە شێوەی پەیامنێردا کارەکان جێبەجێ دەکەن و مانگانە بڕێکی کەم پارەتی دەدرێن و بەهیچ شێوەیەك ناویان بلاْوناکرێتەوە کە ئەوەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ

حاڵـەتـی ئـەمنی پـەیامنێرەکان چـونکە ئەشـێت ئـەو بابەتـەی دەیهێـنن رەخنـــە بێــت بــۆ لێپرســـراو و دەســـەڵاتدارە ئیــداری و حکـــومی و حزبی‌یـەکان. تـیراژی یەکـەمین ژمـارەی تـەنها ١٠٠٠نوسـخە بـووە بـەڵام ژمارەکـانی ئێـستای لـە ٥٠٠٠ نوسـخە کـەمتر نیـە، لـەم رێژەیـە ٤٠٠٠ی دەفرۆشرێت و ٧٠٠دانەی بۆ دیاری تـەرخان دەکرێت. نرخـی گۆڤارەکـە پێنج دینارە و ئەرکی کارمەند و خۆیشی هەر لەسەر هەمان برە و "فلس زەرەر ناکات" [T] کە بەڕاستی ئەوە هـەنگاوێکی گـرنگ و چارەنووسـسازە بۆ داهاتووی گۆڤارەکە.

ژمـارەی مۆڵـەتی ئـەم گۆڤـارە ٢١٥ی ١٩٩٧ەو سـنوری بڵاوبوونەوەشـی جـاران تـەنها ١٠٠نوسـخەی لێ دەگەیـشتە هـەولێر و ئـەوانی تریـشی لـە سلێمانی و ٢٠٠ نوسخەیەکیشی لێ دەگەیـشتە ئێـران و هەنـدەران، بـەڵام ئێستا رێژەی ئەوانەی هەولێر زیادیکردوە و ئەوانـەی ئێـران و هەنـدەران لەبەر نەبوونی هۆیەکانی گواستنەوە راگیراوە.

٤,٤ کتێبەکان :

کتێبــەکانی ناوەنــدی نــاوبراو زۆرترینـــی لەلایــەن ئەنــدامانی ناوەندەوە وەرگێڕاون و نوسراوەکانیش هی چەند کەسانێکی‌دیاریکراون وەك (نەوشیروان مستەفا، رەسول هـاوار)، نـاوەڕۆکی کتێبـەکانیش لـەم گرێژنانـە بـەدەر نـین: (مێـژووی کـورد، ئـەدەبی کـوردی، رۆژنامـەوانی کـوردی،جوگرافیـای کوردسـتان، زانـستی گـشتی و بابـەتی رەنگاڵـە و هەمەڕەنگی جیهانی و ناوچەیی)

ئەمەش خشتەی سەرجەمی کتێبە چاپکراوەکانی ناوەنـدی چـاپەمەنی و راگەیاندنی خاکە لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ :

---

[T] وتەی ئاکۆ غەریبە.

٥,٤ تەلەفزیۆنی خاك :

خاك TV سەرەتا لیژنەیەکی ئیداری سەرپەرشتی دەکرد کە هەمان ئەو لیژنەیە بوو کە سەرپەرشتی گشتی ناوەندی خاکی دەکرد کە ئەوانیش (د.شێرکۆ عەبدولا، زاهیر سدیق، ئاکۆ غەریب، خەلات عومەر) بوون، ئەو کارمەندانەی پێشتر لەم بەشەدا کاریان کردووە زۆربەیان ئێستا لێرە کارناکەن.

بەشی ئیدارەی ناوەند هەموو کارێکی رەسمی ناوەندەکەی لەئەستۆیە، پەیوەندی راستەوخۆی بەبەشەکانەوە هەیەو چاودێری کارەکانیان دەکات و کەرەستە و پێداویستیە جیاجیاکانی بەشەکان دابین دەکات، ئێستا تەنها دوو کەس ئەم بەشە دەبەن بەرێوە(شۆرش عەبدولا، ئیسماعیل محەمەد).

بەشی بەرنامەکان کە بەشێکی ئاکتڤی تەلەفزیۆنە لەلایەن(زاهیر سدیق)ەوە سەرپەرشتی دەکرێت کە پێشتر لیژنەیەك کارەکانی بەرێوەدەبرد. بەرنامەکانی ئێستا ٢١ بەرنامەی (مانگانە یان دوو هەفتە جارێك)ن لەوانە (بیست و یەك، پانۆرامای کۆچ، بەرنامەی بەرنامە، ئەو رۆژانەی ئەمرۆیان دروست کرد....هتد). هەندێك بەرنامەش هەبوون کە جێگای سەرنجی بینەران بوون وەك (بەرنامەی ریپۆرتاژ) کە چەندین بەدواداچوونی هەبوو بۆ دۆزە مێژوویی و فۆلکلۆری و کۆمەلایەتیەکان.

بەشی هەوال کە حەوت کارمەند بەرێوەی دەبەن یەکێکە لەو بەشانەی کە لەسەرەتای پەخشی خاك TV وە بە شێوەی راستەوخۆ هەوالەکانی پێشکەش کردووە، بە گشتی ئەم بەشە گرنگی دەدات بە هەوالەکانی کوردستان و عیراق و ناوچەکە و پاشان هەوالە جیهانیەکان.

بە گشتی خاك TV چەندین لایەنی گنرگی پێداوە وەك (ئەرشیف، دۆبلاژی فیلم کارتۆنی مندالان، تێکستی خاك، درامای تەلەفزیۆنی).

**بەشی پێنجەم :**

**٥. بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ**

١,٥ بیرۆکەی دامەزراندنی:

"لە یەکەم کۆبوونەوەی ژمارەیەك لە نووسەراندا دەوروبەری کۆتایی ١٩٩٦ و سەرەتای ١٩٩٧ بەمەبەستی دامەزراندنی رێکخراوەیەکی ئەدەبی و رووناکبیری کە دوایی ناونرا (بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ) یەکێك لە بڕیارەکانی دەرکردنی گۆڤارێك بوو کە ببێتە گۆڤاری رێکخراوەکە، ئەوەبوو کە رێکخراوەکە دامەزرا خێرا دەستەیەکی نووسەران بۆ گۆڤارەکە پێکهێنرا و منیش کرامە سەرنووسەری. ئیتر دەستمان بەکار کرد و یەکەم ژمارەی گەلاوێژی نوێمان لە مایسی ١٩٩٧دا دەرکرد."[T] دەربارەی ئەوەی ئایە بنکەی گەلاوێژ دامەزراوێکی حکومیە یان سەر بەلایەن و گروپێکی سیاسی تایبەتە عەبدولا تاهیر بەرزنجی وتی: "نەخێر بنکەکەمان نە حکومیە و نە حزبیە، سەر بە هیچ لایەن و گروپێکی تایبەتیش نیە، توانیویشمانە بێلایەنی خۆمان بپارێزین"[TT] سەبارەت بەوەی کە بنکەی گەلاوێژ جێگرەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد بێت لە کاتێکدا کە رۆڵی ئەوان زۆر سستە رەئوف عوسمان سەرۆکی بنکە دەڵێت: "ئێمە نالێین جێگەی یەکێتی نووسەرانی کوردمان گرتوەتەوە، بەلام ئەوەندەی پێمان بکرێت و بۆمان کرابێت هەوڵمانداوە کە زۆربەی نووسەرانی کورد لەژێر چەتری گەلاوێژی نوێدا کۆبکەینەوە."[TTT]

---

[T] حسێن عارف ٢٠/٠٥/٢٠٠٣.

[TT] بزووتنەوەی رۆشنبیری لە ولاتی سلێمانی، ئا: سەردار فەتاح ئەمین، ل.٣٥.

[TT] بزووتنەوەی رۆشنبیری لە ولاتی سلێمانی، ئا: سەردار فەتاح ئەمین، ل.٣٥.

[TTT] هەمان سەرچاوە ل. ٣٢.

۲,٥ خودی بنکەکە:

ئەم بنکەیە کە کەوتووەتە سەر شەقامی سالم لە ساڵی ١٩٩٦ەوە دامەزراوە و یەکەمین بەڕێوەبەری ڕەوف بێگەردی چیرۆکنووس بووە. ئێستاش ڕەوف عوسمان بەڕێوەبەرێتی ئەم بنکەیە دەکات، پەیکەری کارگێڕیی لە ۲۰ ئەندام پێکهاتووە کە ١٦یان نێر و ٤یان مێن. سەرچاوەی مادی دەزگاش لەلایەن ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی ی.ن.ک.ەوە دابین دەکرێت. یەکێك لە خاڵە جیاکەرەوەکانی ئەم بنکەیە لە ناوەند و سەنتەرە ڕۆشبیریەکانی شار ئەوەیە کە فیسیڤاڵێکی ساڵانەی ئەدەبی هەیە بۆ هەریەك لە بوارەکانی (شیعر، چیرۆك، لێکۆڵینەوە) و خەڵاتیش بۆ سەرکەوتووەکان دابین دەکات.

١. بنکەی ناوبراو لە ساڵی دامەزراندنیەوە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) دەردەکات هەرچەندە کاتێکی دیاریکراوی بۆ نیە و هەندێك جار ساڵی دوو ژمارەی لێدەرچووە" بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی هەم گۆڤارەکە و هەم کتێبیش دەردەکەن. لە کاتێکدا "کۆنگرەی سێهەمی بنکەی گەلاوێژمان بەست. واتە کۆنگرە ئەو دەستە بەڕێوەبەریە دیاری دەکات. لەو کۆنگرەیەدا وا کەوتەوە دەستەی تازە شەش کەسی بۆ دەستەی تازەی بەڕێوەبەری هەڵبژارد جگە لەوەی بەڕێز عەبدولا تاهیر بەرزنجی ئەو خۆی سەرنووسەری گۆڤارەکە بوو نەخرایە هەڵبژاردنەوە و لەجێگەی خۆی مایەوە، ئەوانەی لەگەڵماندان بەڕێوەبەری ئیداری و بەڕێوەبەری ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەری کاروباری داراییمان هەیە، لەنێوان ئەو شەش کەسە + سەرنووسەری گۆڤارەکە،

هەڵبژاردنێکی تر کرایەوە و من بە سەرۆکی بنکەکە هەڵبـژێررام[T] رەوف عوسمان سەرۆکی بنکە باس لە کۆنگرە دەکات لە ناواخنیشیدا پەیکەری کارگێڕی بنکەکەی خستەروو.

٣,٤ : گۆڤاری گەلاوێژی نوێ :

گۆڤـاری گەلاوێـژی نـوێ گۆڤـارێکی ئـەدەبی و رووناکبیری مانگانەیـە لەژێر دروشمی (ئازادی داهێنان عەقڵانیەت)دا و لە مایسی ١٩٩٧وە تائێستا ٣٧ ژمارەی بە شێوەیەکی نارێکوپێك و لەکاتی جیاواز و بە قـەبارەی جیـاواز و بە دیزاینی جیاوازەوە خستەوەتە بەردیدەی خوێنەران. پەیکەری کـارگێڕی ئەم گۆڤارە سەرەتا بەم شێوەیە بوو:

خاوەنی ئیمتیاز محەمەد دلێر ئەمین

سەرنووسەر حسێن عارف

سکرتێری نوسین ئازاد بەرزنجی

دەسـتەی نووسـەران د. زاهـیر لـەتیف، عـەبولا تـاهیر بـەرزنجی، لـەتیف هەلچمەت، قوبادی جەلیزادە.

بەلام پەیکەری کارگێڕی ژمارەکانی کۆتایی بەم چەشنەیە:

خاوەنی ئیمتیاز بنکەی ئەدەبی و رووناکبیری گەلاوێژ

سەرنووسەر عەبدولا تاهیر بەرزنجی

بەڕێوەبەری نووسین لەتیف هەڵمەت

دەستەی نووسەران سەلاح محەمەد

ناوەرۆکی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لەم کۆمەڵـە گرێژنانـە تـانوپۆی بابەتـەکانی چنراوە:

---

[T] بزووتنەوەی رۆشنبیری ل. ٣١.

= زریوەی گەلاوێژی نوێ، سپێدە، پەنجەرە: ئەمانە تایتڵی وتەی سەرەتا بوون.

= دیدار: هەرجارە و دیدارێك یان دوان یان زیاتری لەگەڵ نووسەر، شاعیر، چیرۆکنووس، رەخنەگر، وەرگێڕ..ێکدا لەخۆگرتووە.

= لێکۆڵینەوە: لە بوارەکانی ئەدەب و رۆشنبیری و فیکردا چ وەك وەرگێڕان یان نووسین گرنگیەکی زۆری داوە بەلێکۆڵینەوە.

= وتار: وتاری فیکری و ئەدەبی و مێژوویی و زانستی لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارەدا بەشێوازی جیاواز وخامەی جیاواز دەبینین.

= دەق: لە ژمارەکانی رابدوویدا دەیان دەقی شیعری و چیرۆك و شانۆنامەی خۆماڵی و بیانی بلاْوکردووەتەوە.

= گەشتی رووناکبیری: بابەتی کورت و کرمانجی رۆژنامەیی و سەرپێیی لە هەواڵ و پەرەگرافی سەرنج راکێشی لەخۆگرتووە کە زۆرینەیان وەرگێڕانن.

= فایلی ژمارە: ئەوە راستە کە گۆڤارەکانی تر ئەشێت چەند لاپەڕەیەك تەرخان بکەن بۆ بابەتێکی دیاریکراو بەلاْم ئەم گۆڤارە سەرەڕای ئەوە نەریتەی چەند ژمارەیەکی بەکۆی لاپەڕەکانیەوە تەرخان کردووە بۆ (نۆڤێلتی مولازم موحسین و شتی تریش، سەلیم بەرەکات.....هتد)

### ٤,٥ کتێبەکانی بنکە:

کۆی ناوەڕۆکی کتێبەکانی بنکەی گەلاوێژ گرنگی پێدانیچکی زۆری لە بواری دەقی ئەدەبیدا پێوەدیارە بە تایبەت لە بوارەکانی شیعر و چیرۆك و رۆمان و یاداشت و شانۆییدا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە پاڵپشتە ئەدەبیەی بووەتە هۆکاری کەوتنە سەرپێی بنکەکە. ئەمەش ناوی کتێبە چاپکراوەکانیەتی:

| ز. | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ | بواری کتێب |
|---|---|---|---|---|
| ١ | چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز | هێمن | | دەقی ئەدەبی |
| ٢ | ئەژدیها | موکری | | ڕۆمان |
| ٣ | چەپکێ کورتە چیرۆکی رووسی | | موکری | چیرۆک |
| ٤ | بەناوی ژیانەوە.. ئەریك فرۆم | | ئازاد بەرزنجی | لێکۆڵینەوە |
| ٥ | فەرهەنگی خەم ٤ | حەسیب قەرەداغی | | شیعر |
| ٦ | سەما | رەوف بێگەرد | | کورتە چیرۆك |
| ٧ | قوبادی جەلیزادە | قوبادی جەلیزادە | | شیعر |
| ٨ | ژوانگەی ژان و هەژان | جەمال شارباژێڕی | | ڕۆمانە شیعر |
| ٩ | کورد و ئاشووری | کرێکار عەبدوڵا حسێن | | لێکۆڵینەوە |
| ١٠ | بۆننامە | شێرکۆ بێکەس | | قەسیدە |
| ١١ | لە خزمەتی ئەدەبدا | مەلا بەختیار | | لێکۆڵینەوە |
| ١٢ | بازنەکانی ململانێ و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەی کورد | مەحمودی مەلا عزەت | | لێکۆڵینەوە |
| ١٣ | سەرچاوەکانی | د. فەرهاد | | مێژوویی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | کوردناسی | پیربالّ | | |
| ١٤ | باران | حەسەن جاف | | کورتە چیرۆك |
| ١٥ | دارمانی خەونەکان | محەمەد رەنجاو | | شیعر |
| ١٦ | موسافیر و چاوەڕوانی نەورەسێك | ئاسۆ جەبار | | شیعر |
| ١٧ | کەنارەکانی خەون | شیرین ك | | شیعر |
| ١٨ | چناری شیر | جەبار جەمال غەریب | | رۆمان |
| ١٩ | بەسەرهاتی سیاسی کورد | میرزا محەمەد ئەمین | | سیاسی |
| ٢٠ | رۆژانی ئاوارەییم لە سویسرا | جەمال نەبەز | | یاداشت |
| ٢١ | هەلۆکانی ژێر خاك | محەمەد رەشید فەتاح | | کورتە چیرۆك |
| ٢٢ | کەمتیار | کەریم دەشتی | | رۆمان |
| ٢٣ | چیرۆکی حکومەتێکی خەیالی | زێوەری شاعیر | | ئەدەب |
| ٢٤ | ئەم ژوورە هیچی تیا نییە | کۆمەلێ شاعیری بیانی | لەتیف هەلمەت | دەقی شیعری |
| ٢٥ | تیرێژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس | کۆمەلێك نووسەر | | رەخنە |
| ٢ | مەلی بەفر | غەفور سالح | | رۆمان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦ | | عەبدولاّ | | |
| ٢٧ | تەنیا مەرگ | | عەبدولموتەلیب عەبدولاّ | شانۆیی |
| ٢٨ | رۆژنامەی کوردستان | | شێرزاد کەریم | رۆژنامەگەری |
| ٢٩ | ئێمە ئەم شیعرانەمان نووسیوە | | د. عەزیز گەردی | شیعری مندالأن |
| ٣٠ | چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرا | | ئەرخەوان | رۆمان |
| ٣١ | سێ تاڵ وەنەوشە بۆ کەزێکانی شیعر | رەوف عوسمان | | رەخنە |
| ٣٢ | یاداشتەکانی گیڤارا | | بورهان قانع | یاداشت |
| ٣٣ | ئەدەبی کوردیو رەخنەی ئەدەبی نوێ | د. کەمال مەعروف | | رەخنە |
| ٣٤ | نزار قەبانی | تەها بابان | | وتاری ئەدەبی |
| ٣٥ | کافکا | هیمدادی حوسێن | | وتاری ئەدەبی |
| ٣٦ | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە وپۆست مۆدێرنێتەدا | مەلا بەختیار | | رەخنە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٧ | بنەماکانی مۆزیك | ع. ج. سەگرمە | | مۆزیك |
| ٣٨ | شـــــــاعیری جوانەمـــــەرگ فەریق ئەمین | ئەحمەد باوەڕ | | شیعر |
| ٣٩ | یادگاری خانەقا | بنەماڵــەی شـێخ ڕەوف | | یاداشت |
| ٤٠ | لــــە کـــەناری ڕووباری پیـدرادا دانیشتم و گریام | | یاســـــین عومەر | ڕۆمان |
| ٤١ | بــــێ کتێـــب هەڵناکەم | شێرزاد حەسەن | | وتاری ئەدەبی |
| ٤٢ | تـەنیا ئـاو تـەنیا باران | عەبدولموتــەلیب عەبدوڵا | | شیعر |
| ٤٣ | گەڕانـــەوە بـــۆ حەیفا | غەســـــــان کەنەفانی | ئەحمـــــەد عارف | ڕۆمان |
| ٤٤ | نمایشی جەستە بێدەنگەکان | سەمەد ئەحمەد | | چیرۆك |

٥,٥ ڤیستیڤاڵی ساڵانەی گەلاوێژ :

لەوکاتەوە ئەم بنکەیە دامەزراوە ساڵانە دەکۆشێ بۆ سـازدانی ڤیـستیڤاڵێکی ئەدەبی و فیکری لـەبوارەکانی ( شـیعر و چـیرۆك و لێکۆڵینـەوە ) وە پاشـان لیژنەیـەکی هەڵسەنگاندنیش بـۆ بابەتـەکان سـازدەکات و خـەڵات بەیەکـەم و دووەم و سێهەمی هەرکام لەبوارەکان دەدات .

**بەشی شەشەم :**

**٦ . ناوەندی رۆشنبیر بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤار و کتێب**

١,٦ بیرۆکەی دامەزراندنی :

ناوەندی رۆشنبیر کە دەکەوێتە بازاڕی راپەڕین لەسەر شەقامی بێکەس لە ١٩٩٢/٠١/٠١ەوە دامەزراوە و یەکەمین بەڕێوەبەری (مەولود باوەمراد محێدین)ەو بەڕێوەبەری ئێستاشی (بەرزان حەمەئەمین ئەحمەد)ە. ناوەندێکە زیاتر گرنگی دەدات بە بەرهەم و بابەتی ئیسلامی و رۆشنبیری گشتی هەرچەندە لەرووی دامەزرانەوە یەکێکە لە ناوەندە دەسپێشخەر و پێشینەکانی پاش راپەڕین بەڵام بەو گروتینەی کە ساڵەکانی سەرەتای دامەزراندنی پێدا گوزەراند نەیتوانی بەردەوام بێت و جۆرێك لە پاشەکشەی لە کارەکانیدا بەخۆوە بینی.. کەئەمەش دەکرێ بگەرێتەوە بۆ ئەوهۆکارەی کەپەیوەستە بەپاشەکشەی رەوتی ئیسلامی سیاسی لەکوردستاندا .. بواری کارکردنی ناوەند لە دوو خاڵی سەرەکیدا دەردەکەوێت:

١. کتێبخانەی رۆشنبیر
٢. چاپکراوەکانی رۆشنبیر

٢,٦ کتێبخانەی ناوەند :

پەیکەری کارگێڕی ئەم کتێخانەیە هەر هەمان هەرەمی ناوەندەکەیە بۆیە هەردووکیان پێەوە باس دەکەین.

بەرزان حەمەئەمین بەڕێوەبەری ناوەند و کتێبخانەکەیە و پاشان پۆستی ژمێریار دێت و دواتر سێ کارمەند بۆ سەرپەرشتی کردن و فرۆشتنی کتێب و گۆڤار و رۆژنامەکان دێن کە لە دوو فرۆشگادان. هیچکام لە کارمەندەکانی ئەم دەزگایە رەگەزی مێ نین. سەرچاوەی مادی دەزگا "پشتی بە گیرفانی

هەردوو بەڕێوەبەری سەرەتا و ئێستا و گەڕاوەی کتێبەکان" [T] بەستووە. ئەم ناوەندە چاپخانەی نیە بەڵکو بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانی پشت بە چاپخانەکانی شار و ناوەوەو دەرەوەی وڵات بەتایبەت دەبەستێت. ژمارەی مۆڵەتی هەموو ساڵێك وەرگرتووە کە نوێترینیان ژمارە ٦ی ٢٠٠١/٠٩/٠٨ەو لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت پێگەی نیە، سنووری بڵاوبوونەوەی بڵاوکراوەکانیشی هەرێمی کوردستان و ئێران و چەند وڵاتێکی هەندەرانە بەتایبەتی ئەمریکا و سوید.

٦ ,٣ چاپکراوەکانی ناوەند :

ڕۆشنبیر بە سێ شێواز کتێب و چاپکراوەکانی بڵاودەکاتەوە:

٦ ,٣ ,١ پرۆژەی سەد کتێبی کوردی :

ئەم پرۆژەیە لەساڵی ١٩٩٧دا ژمارە یەکی بەناوی (بوونی خوا) بڵاوکردوەتەوە و دوا ژمارەی کە ٣٩یە (گوڵاوی سەرمۆر)ە کە لە کۆتایی ٢٠٠٢دا دەرچووە.

ئەمەش کۆی کتێبە چاپکراوەکانی ئەم پرۆژەیەیە:

| ز. | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ | بواری کتێب |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بوونی خودا | د. یوسف ئەلقەرزاوی | حەسەن پێنجوێنی | یەکتاپەرستی |
| ٢ | زاراوە و زانیاریەکانی فەرموودە | حەسەن پێنجوێنی | | فەرموودەناسی |
| ٣ | قورئانی پیرۆز | سەلاحەدین | | قورئانناسی |

T وتەی بەرزان حەمەئەمین.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | چۆن بخوێنینەوە | محەمەد بەهادین | | |
| ٤ | لە بەرهەمەکانی باوەڕ | سەد نەجمەدین تەها | | باوەڕناسی |
| ٥ | مرۆڤ تەنها نیە | ا. کریس مۆریسۆن | ئیبراهیم ساڵح | زانستی |
| ٦ | هەڵوێستەیەک لە خزمەت قورئاندا | عوسمان محەمەد ڕەشید | | ڕاڤە |
| ٧ | وتیان ودەڵێین | بەکر حەمە سدیق | | ڕەخنە |
| ٨ | کاریگەری عەقیدە لە پەروەردەکردنی نەوەی نوێدا | عەبدولا عەزام | عومەر ئەحمەد نیزامی | یەکتاپەرستی |
| ٩ | یەکتاپەرستی ١-٢-٣ | عەبدلمەجید الزندانی | حسێن حەسەن ئەحمەد | یەکتاپەرستی |
| ١٠ | لاپەڕەیەک لە مێژووی هەڵەبجە | بەکر حەمەسدیق | | مێژوویی |
| ١١ | ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووسی، پڕوپاگەندە، ڕای گشتی | هەڤاڵ ئەبوبەکر | | ڕۆژنامەوانی |
| ١٢ | سۆزی مینبەر | شێخ محەمەدی خاڵ | | وتار |
| ١٣ | سیستمی سیاسی ئیسلامی | هادی عەلی | | ڕۆژنامەوانی |
| ١٤ | بێ زمانان دێنە زمان ١-٢-٣ | سەلاحەدین محەمەد بەهادین | | سیرە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٥ | کورتەیـــــــەك دەربارەی زانیاری قورئان | حەسەن پێنجوێنی | | قورئانناسی |
| ١٦ | مـــافی ئـــافرەت لـــــــەنێوان رەگەزســـالاری و مرۆڤسالاریدا | عومەر عەلی غەفور | | لێکۆڵینـــەوەی ئاینی |
| ١٧ | دەروازەی گەردوون | مەریوان ئەحمەد | | زانستی |
| ١٨ | جەنگی دەروونی | ئەبوبـــەکر عـــەلی ئەحمەد | | سایکۆلۆژی |
| ١٩ | پەیوەندیـــــــە نێودەوڵەتیەکان | نزار جاف | | دیبلۆماسی |
| ٢٠ | مرۆڤ و ژیان | د. خـــەلوق نـــور باقی | عەزیز ئالانی | زانستی |
| ٢١ | پۆشاکی رۆژئاوایی | لهۆن قادر | | گشتی |
| ٢٢ | پرۆگرامی گۆڕین | سەید محەمەد نوح | ئیـــبراهیم ساڵح | بانگەوازی |
| ٢٣ | مرۆڤ و دەوڵەت لـە ئیسلامدا | عەبدولکەریم زیدان | حەمەکـــەریم عەبدولا | ئیسلامی |
| ٢٤ | لـــە مەشـــقی پەروەردەییدا | مـستەفا محەمـەد تەحان | موحـــــسن جوامێر | پەروەدەیی |
| ٢٥ | دەوڵـــــــەتی دۆســـــتەکیلە کوردستاندا | عەبـــدولرەقیب یوسف | ئەبوبـــەکر عــــــەلی ئەحمەد | مێژوویی |
| ٢٦ | رەگ و رەچەڵەکی کورد | ئیحـــسان نـــوری پاشا | حەمەکـــەریم عارف | مێژوویی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | کوردســـــــتان لەبـــــــەردەم فتوحــــــاتی ئیسلامیدا | حەسـەن مـەحمود حەمەکەریم | | مێژوویی |
| ٢٨ | گەشــــــــتەکەی فرێـــــزەر بـــۆ کوردستان | جــیمس بیللــــی فرێزەر | ئومێد ئاشنا | مێژوویی |
| ٢٩ | هەڵوێـــــستەیەك لەبەردەم چیرۆکە قورئانیەکاندا | ئیبراهیم ساڵح | | چیرۆك |
| ٣٠ | کـــاوە و نـــەورۆز لەنێوان ئەفسانە و ئاییندە | حەسـەن مـەحمود حەمەکەریم | | مێژوویی |
| ٣١ | تــرس لــە ئیــسلام لــەنێوان وەهــم و راستیدا | عومـــــەر عـــــەلی محەمەد | | رەخنە |
| ٣٢ | دیوانی شاسواری | عادل شاسواری | | شیعر |
| ٣٣ | کوردســتان چــۆن داگیرکـــــــرا و دابەشکرا | ســـەلام نــاوخۆش بەکر | | مێژوویی |
| ٣٤ | چەمکی بیدعە | فاتح سەنگاوی | | ئیسلامی |
| ٣٥ | پێـــــــــشەوای مرۆڤایـــــــەتی محەمەد | حەسەن الندوی | حەمە کـەریم عەبدولڵا | سیرە |
| ٣٦ | ئیــسلام لــەنێوان رۆژهـــــــەڵات و رۆژئاوادا | عــــەلی عـــزەت بیکۆڤیچ | محەمەد چیا | فیکر |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٧ | گەشتێك بۆلای خوا | نەجیب گەیلانی | رزگار کەریم | رۆمان |
| ٣٨ | رۆژگارێکی تەمەنم | زەینەب غەزالی | رزگار کەریم | بیرەوەری |
| ٣٩ | گولاوی سەرمۆر | سەفی رەحمان المبارکفوری | بەکر حەمە سدیق | سیرە |

٦, ٣, ٢ بەدەر لەپرۆژەی سەد کتێبی کوردی :

بەرهەمەکانی بەدەر لە پرۆژەی سەد کتێبی کوردی کەسەرەڕای کتێبی رۆشنبیری گشتی و مێژووی کورد و راگەیاندن و کتێبی منداڵان بەزمانی کوردی چەند کتێبێکی بەزمانی عەرەبیش لەخۆگرتووە و لەماوەی رابردوودا و تا کۆتایی ٢٠٠٢ ( ٢٧) کتێبی لێبڵاوکراوەتەوە:

| ز. | ناوی کتێب | ناوی نووسەر | ناوی وەرگێڕ | بواری کتێب |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تەفسیری ئاسان بۆ تێگەیشتنی قورئان | بورهان محەمەد ئەمین | | راڤەی قورئان |
| ٢ | جزمی عەممە | شێخ محەمەدی خاڵ | | راڤەی قورئان |
| ٣ | جزمی قد سمع الله | شێخ محەمەدی خاڵ | | راڤەی قورئان |
| ٤ | جزمی الزاریات | شێخ محەمەدی خاڵ | | راڤەی قورئان |
| ٥ | جزمی ٢٦ | بورهان محەمەد ئەمین-عومەر رێشاوی | | راڤەی قورئان |
| ٦ | چل گوڵ | عومەر | | فەرموودە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | عەبدولعەزیز | | |
| ٧ | ئەلمەئسورات | حەسەن بەنا | جەلالــــەدین نەجمەدین | فەرموودە |
| ٨ | رەوشـــــــتە ئیسلامیەکان | لیژنەیەک | | فەرموودە |
| ٩ | ئەربـــــەعینی نەوەوی | حەسەن پێنجوێنی | | فەرموودە |
| ١٠ | نفحات علمیە مـن القـرئن والـسنە (گب الاعشاب) | د. دلاوەر محەمـەد سەعید | | هەمەڕەنگ |
| ١١ | سـێ گۆشـەنیگا بۆ.... | سـەباح محەمـەد بەرزنجی | | لێکۆڵینەوە |
| ١٢ | یــــەکگرتووی ئیــــــسلامی کوردســـتان لــە واقــع و نـــاخی جەماوەردا | ئەبوبەکر عەلی | | سیاسی |
| ١٣ | دۆزی ئــــافرەت لــــــەنێوان ئـــــازادکردن و بەســەنتەرکردنی مێینـــــــەدا (فیمینیزم) | د. عەبــدولوەهاب ئەلمەسیری | فاتح سەنگاوی | سیاسی |
| ١٤ | زەکـــــــاتی سامانەکەت چۆن ئەدەیت | د. عــەلی محێــدین قەرەداغی | لیژنەیەک | فقە |
| ١٥ | ئەســــەدەدین | عــــــــــەتا | | مێژوو |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | سێرکۆ | عەبدولرەحمان | | |
| ١٦ | هونەرە جوانەکان لە شارستانیەتی ئیسلامیدا | نەبەز حەمەرەشید | | هونەر |
| ١٧ | هەڵوێستی جیهانی ئیسلامیی رووبەڕووی ژیاری رۆژئاوا | ئەبو حەسەن ئەلنەدەوی | غەفور کانی سپیکەیی | فیکر |
| ١٨ | راگەیاندن و راگەیاندنی کوردی | هەڤاڵ ئەبوبەکر | | رۆژنامەوانی |
| ١٩ | پوختەی ئاینی ئیسلام | عەفیف تەبارە | مەحمود محەمەد ئەحمەد | فیکر |
| ٢٠ | گوڵە بەخشندەکان | جوان حسێن | | چیرۆکی منداڵان |
| ٢١ | مەدالیا | عەزیز ئالانی | | چیرۆکی منداڵان |
| ٢٢ | کاروانی کۆچی باوەڕداران | عەبدولکەریم شارباژێڕی | | لێکۆڵینەوە |
| ٢٣ | چۆن مامەڵە لەگەڵ سوننەتدا بکەین | د. یوسف ئەلقەرزاوی | حەمەکەریم عەبدولا | لێکۆڵینەوە |
| ٢٤ | پێغەمبەر لەدڵی هاوەڵانیدا | وەلید الاعزەمی | بەکر حەمەسدیق | ژیننامە |
| ٢٥ | چیرۆکی پێغەمبەران | بەدرەدین ئەلحازری | سێ وەرگێڕ | ژیننامە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | کۆباســــەکانی میحراب | شـــــــــەماڵ عەبـــدولرەحمان موفتی | ئـــا : عـــادل شاسواری | گوتار |
| ٢٧ | زنجیرەی دیمانە | | بـــەکر حەمـــە سدیق | چاوپێکەوتن |

٣,٣,٦ بەدەر لەکتێب :

بڵاوکـراوەی بـەدەر لـە کتێـب لـە نمونــەی (ڕۆژژمێـری دیـواری گـەورە، ڕۆژژمێـری سـەرمێز، ڕۆژژمێـری گیرفـان، وێنــە و کــارتی جەژنــە پــیرۆزە، نەخــشەی کوردســتان و.......هتد).

## ئەنجام

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینەئەوەی کە :

لـەدوای ڕاپەڕینــەوە سـلێمانی بزافێکـی ڕۆشـنبیری و کلتـوری مـەزنی بەخۆیـەوە بینیـووە لـەبواری ( بڵاوکردنـەوەی کتێـب و نامیلکـە لەلایـەك و گۆڤـاری فیکـری و ڕۆشـنبیری و تایبـەتیش لەلایـەکی تـر ) .ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی کەچـەندین تریبـۆنی دەربڕینــی ڕاو بـیر و بۆچـوون لـەڕێگای ڕۆژنامـە ئەهلیەکانەوە دەستەبەرکراوە .

بـوونی چـەندین دەزگـای چـاپ و بڵاوکردنـەوە کـەناڵێکی دەوڵەمەنـد دەکاتەوە لەبەردەم جیلی دوای ڕاپەڕین دا کـەبتوانن هەرچـی باشـترو چـاکتر دەستیان بگاتە سەرچاوەی نوێ و بەپێز ئەگەر بـەراووردی بکـەین بەنـەوەی پێش ڕاپەڕین . ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەرفەتێکی گونجاویش ئەسازێنن بـۆ بڵاوکردنــەوەی چــەندان بەرهــەمی خۆمــاڵی کەلەوانــەش چــینی لاوان لێــی بەهرەمەند دەبن .

دەزگاکانی چاپەمەنی لەشاردا هەریەکەو بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەستن بەحیزب و لایەنێکەوە و جۆرێك لە بەرامبەرکێی بەرهەم هێناوە و بووەتە هۆی ئەوەی کە چاپکردنی هەندێ کتێب تەنها ئایدیۆلۆژیایەکی حیزبی لەپشتەوەیەو هیچی تر .

لەرووی ئابوورییەوە بەگشتی دەزگاکان روولەکزین و ئەو چالاکی و کارابوونەی لەچەند ساڵی رابردوودا هەیان بووە ئێستا نەیان ماوە کەئێمە هۆکارەکەیمان گێڕاوەتەوە بۆ ئاشکرابوونی گەمەکانی حیزب و نەسورانی رەورەوەی شار لەقازانجی حیزب .

لەرووی جۆر و ژمارەوە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم زۆرترین بڵاوکراوەی خستووەتە بەردیدەی خوێنەرانەوە چ لەکتێب و چ لەگۆڤار ، بەڵام لەرووی تەمەنەوە ناوەندی رۆشنبیر زۆرترین تەمەنی هەیە لەچاو دەزگاکانی تردا . تەنها دەزگایەکیش کەتوانیبێتی لەگەڵ بوونی چەندین کتێب و گۆڤار دا خاوەنی تەلەفزیۆنێکی ناوخۆیش بێت ناوەندی خاکە .